# چاپکراوی نوێ

کتێبی (تارماییەکانی داعش. دوای رووخانی خەلافەتەکەی ) لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و سەربازیی شیکارییە، لە نووسینی وریا یونس، نووسەر لەم کتێبەیدا بە تێروتەسەلی شرۆڤەی رووداوەکانی کردووە هەر لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە تا دەگاتە سەرهەڵدانی داعش و داگیرکردنی چەندین ناوچە لەلایەن ئەم رێکخراوە تیرۆریستییەوە، دواتر باس لە نەوەکانی سەلەفییەتی جیهادی دەکات لە قۆناغە جیاوازەکاندا، هەروەها سەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەی سەلەفیی جیهادی لە عێراقدا، هەر لەم شرۆڤەکردنەدا نووسەر دێتە سەر باسی سەرەتای داگیرکارییەکانی داعش و پاڵنەرەکانی دروستبوونی ئەم رێکخراوەو پیلانی داگیرکردنی موسڵ، ئینجا پێگە بە پێکە ئاماژە بە ئازادکردنەوەی ئەو ناوچانەی عێراق دەکات کە داعش داگیری کردبوون، لەوانە: موسڵ و تەلەعفەر و حەویجە و راوەو عانەو قائیم کە دوا مەنزڵگای ئەو رێکخراوە بوو لە عێراق، لە شرۆڤەکردنێکی پڕ بایەخیشدا نووسەر باسی لە کۆتایی خەلافەتەکەی داعش دەکات، بەڵام ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە چۆن داعش دەیەوێت لە بەرگێکی نوێدا بێتەوە مەیدان.. بۆ نووسینی ئەم کتێبەش (وریا یونس) پشتی بە زیاتر لە(٢٠٠) سەرچاوە بەستووەو لە کتێب و وێب سایتی جۆراوجۆر. پیرۆزەو بە هیوای بەرهەمی زیاتر.



# چاپکراوی نوێ

(شرۆڤە) وەرزە گۆڤارێکی سیاسیی هزرییە، سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات، ژمارە(٣٠) ی ئەم گۆڤارە کەوتە بەر دیدی خوێنەرانەوە، لەم ژمارەیەدا چەندین بابەتی سیاسی و هزری تێدا بڵاوبۆتەوە، پ.د ئازاد محەمەدئەمین کاکەشێخ نەقشبەندی بابەتێکی نووسیوە بە ناوونیشانی( پێگەی ئاویی هەرێمی کوردستان لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و ئەو بەرەنگاری و هەڕەشانەی کە رووبەڕووی دەبێتەوە)، بابەتێکی دیکە بە ناوونیشانی ( لە دۆخی ئاڵۆزی عێراقدا، کوردستان چۆن خۆی پێ دەپارێزرێ) لە نووسینی سەرۆ قادر،هەروەها پ.د خەلیل ئیسماعیل محەمەد بابەتێکی نووسیوە بە ناوونیشانی (رەهەندی سیاسیی سەرژمێریی داهاتووی دانیشتوان و کاریگەری لە پەیوەندیی نێوان بەغداو هەولێر)، بابەتێکی دیکە بە ناوونیشانی (کۆتایی سەدەی دیموکراسی- هەڵکشانی تاکڕەوەی لەسەر ئاستی جیهان) نووسینی یاشامۆنك و رۆبێرتۆ ستیڤان فوا، وەرگێڕانی هێمن غەنی لەم ژمارەیەدا بڵاوبۆتەوە، لەم گۆڤارەدا چەندین بابەتی دیکەی گرنگ بەر چاو دەکەون، لە نووسینی هەر یەك لە کاروان سەباح هەورامی و د. ئەرشەد حاجی سدیق دێلیزی و هیوا عوسمان و عارف باوەجی و ئاری رەفیق. شایانی باسە ئەم وەرزە گۆڤارە دەبێتە هاوکار بۆ چەندین کادیری حزبی و خوێنەران تاکو سوود لەو بابەتانە وەربگرن کە سەرچاوەی دەوڵەمەندکردنی بواری سیاسی و هزریین.



# چاپکراوی نوێ

گۆڤاره وەرزیی هزریی( شیکار) لەلایەن پەیمانگای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەردەچێت، ژماره(٢٩) ی ساڵی هەشتەمی ٢٠٢٠ چاپ و بڵاوکرایەوە، ئەم گۆڤاره وەك (شیکار) بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی و پەروەردەییەکان و وەرزانە ژمارەیەکی لە قەواره (٢٣٠) تا (٢٥٠) و هەندێ جاریش دەگاتە(٣٠٠) لاپەڕه دەردەچێت، هەندێ لەو بابەتانەی لەم گۆڤارەدا بڵاوبوونەتەوە، لەوانە بەشی دووەمی بابەتی (تیۆری و مێژووی فێمینیزم) بە پێنووسی سەرنووسەری گۆڤارەکە مەهاباد قەرەداغی، (دەوڵەتی یاساو دەوڵەتی فەتوا) نووسینی حەمە سەعید حەسەن، (پێگەو وێنەی ئافرەت لە میدیادا) بابەتێکی د. بەهات حەسیب قەرەداغییە، (شیری رەش/ بیرەوەریی ئەلیف شەفەق) وەرگێڕانی شێرزاد هەینی، (منداڵ و مردن و مردن لە ئەدەبی منداڵاندا) بە پێنووسی رەزا شوان، هەروەها سەدیق سەعید رەواندزی بابەتێکی لەم گۆڤارەدا بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی( ئافرەتیزم توێژینەوەیەکی گرنگ لە بارەی پرسی ئافرەتدا)، بە هیوای بەردەوامی و پێشکەوتن بۆ گۆڤاره وەرزیی هزریی (شیکار).



# عێراق وەک دەوڵەتێکی شکست خواردوو

کێشەی دەوڵەتی شکسخواردوو (فاشیل) بە پلەی یەکەم ئەوەیە، لە بری ئەوەی ئەو کێشانە چارەسەر بکات کە رووبەڕووی دەبنەوە، کەچی کێشەی دیکە دروست دەکات، بۆ ئەوەی ئەو کێشانەی پێشتری پێ داپۆشێت و خەڵکی وڵاتەکەی پێ چەواشە بکات.

دیارە لە دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراقەوە لە ٢٠٠٣ـەوە تا ئێستا، کێشەی تەواوی حکومەتەکانی عێراق ئەوە بووە کە هیچ کات نەخشەرێگایەکی نەبووە بۆ ئەوەی بزانێت چۆن کێشەکانی چارەسەر بکات، یان چۆن مامەڵەیەکی دروست لە چوارچێوەی دەستووردا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان رێکبخاتەوە.

ئاشکرایە هەرێمی کوردستان لەمیانەی ئەو ماوەیەی لە حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی بەشدار بووە، لە چوارچێوەی نەخشەیەکی رێگای لێکتێگەیشتن لە نێوان هەولێر و بەغدا، کۆمەڵێك هەنگاوی باش و دەروازەی دروست بۆ چۆنێتیی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان دۆزرابۆوە، لەسەر ئەم بنەمایە ئومێدی ئەوە دروست ببوو کە هەرێمی کوردستان و عێراق تەواوکاری یەکتری بن لە هەموو بوارەکان و بە هەماهەنگی و هاوکایکردنی یەکتری عێراق لە حاڵەتی شکستخواردییەوە بگوازنەوە بۆ قۆناخێکی سەرکەوتوو لە پڕۆسەی حوکمڕانیدا.

لەدوای خۆپیشاندانەکانی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ ـەوە عێراق کەوتۆتە حاڵەتی ناسەقامگیریی حوکمڕانییەوە، ئەم ناسەقامگیرییەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەستێوەردانێکی لابەلای فرەجەمسەری لە ناو پڕۆسە سیاسییەکە وەك دەستێوەردانی مەرجەعییەت، هێزەکانی حەشدی شەعبی و تەنانەت دەستێوەردانی دەرەکییش هەیە، بەمەش کەس نازانێت پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی چۆن ئاراستە دەکرێت، لەناو ئەم گێژاو و پاشاگەردانییەدا سەرۆك کۆماری عێراق کەسایەتییەکی بە ناوی (محەمەد تۆفیق عەلاوی) بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاندید کردووە، ئەم کاندیدەش کە وەك ئەیاد عەلاوی دەڵێت هەر کاندیدی حەشدی شەعبییە، بەحیساب لە پێکهێنانی کابینەکەیدا خواستی خۆپیشاندەرانی شیعە جێبەجێ دەکات، هەوڵیداوە کە لە پێکهێنانی کابینەکەیدا پرس بە هیچ لایەنێکی سیاسی نەکات و خۆی وەزیری سەربەخۆ دەستنیشان بکات، لەم چوارچێوەیەدا هەرێمی کوردستانی وەك لایەنێکی سیاسی حیساب کردووە و لە پێکهێنانی کابینەکەیدا راوێژی لەگەڵ ئەم قەوارە سیاسییە نەکردووە، کە تەنیا هەرێمە لە چوارچێوەی بە حیساب دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا.

سەرۆك بارزانی سەبارەت بە پشتگیریی

هەرێمی کوردستان بۆ حکومەتەکەی محەمەد تۆفیق عەلاوی لە میانەی دیدارە ڕۆژنامەواییەکانیدا تەنیا ئەوەی گوتووە، کە ئێمە وەك هەرێمی کوردستان چاوەڕێی ئەوە دەکەین تا بزانین تێڕوانینی ئەم حکومەتە بۆ هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی بەغدا لەگەڵ هەرێم چۆنن، ئەم پەیامە کورتەی سەرۆك بارزانی مەغزا و ڕەهەندێکی هەمەلایەنەی هەیە و ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، کە ئەگەر ئەم کابینە تازەیەی حکومەتی عێراق بیەوێت هەرێمی کوردستان فەرامۆش بکات، یان پابەند نەبێت بە ڕەشنووسی ئەو ڕێککەوتنانەی کە لە ماوەی ڕابردوو لەگەڵ حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی ئیمزا کراون، ئەوا هەرێمی کوردستان قسەیەکی دیکەی دەبێت، بۆ زەمینەسازییش بۆ ئەم هەڵوێستە کوردستانییە، لە لایەن سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە هەوڵێکی زۆر دراوە کە یەکڕیزی و هاودەنگی لە نێوان تەواوی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان و پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمدا دروست بکرێت و، هەموو پێکەوە لە چوارچێوەی ئەجێندایەکی کوردستانیدا وتووێژ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بکەن.

هەموو ئەوانەی چاودێریی بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق دەکەن و، هەڵوەستە لەگەڵ ئەو شکستە گەورانە دەکەن کە تەواوی پڕۆسەی سیاسی و حوکمڕانیی لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی گرتۆتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەو شکستەی ئێستا حکومەتی عێراقی تووشی بووە، بە گۆڕینی کابینەیەك بە کابینەیەکی دیکە مەحاڵە ڕاست بکرێتەوە، هۆکاری ئەم ڕەشبینییەش بە ئایندەی پڕۆسەی سیاسی لە عێراقدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو ئەقڵییەتە گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە، کە خۆی لە وەهمی تایفەگەری و دیکتاتۆری ڕزگار بکات و، بە دیدێکی واقیعییانەی دەوڵەمەتدارانە مامەڵە لەگەڵ ئەجێندا جیاوازەکانی ئەم دەوڵەتە شکستخواردووە بکات و هەموو هەوڵەکان یەکبخات، بۆ ئەوەی عێراق لەم تەنگژەیە ڕزگار بکات و بەرەو دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی هەنگاو هەڵبگرێت.

سەرۆك بارزانی هەر لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٢ـەوە ئەو ڕاستییەی نەشاردۆتەوە، کە هەرێمی کوردستان نابێتە بەشێك لە سیستمێکی سیاسیی تاکڕەو و دیکتاتۆری، هەر بۆیە ئەگەر حکومەتی داهاتووی عێراق تێڕوانی ئەرێنیی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە ئاشکرا نەکات، ئەوا جیا لەوەی کوردستان خۆی ناکاتە بەشێك لەو پرۆسە سیاسییە شکستخواردووە، ئەوا لەگەڵ کۆی پرۆسە سیاسییەکە و حکومەتی داهاتووی عێراقیش قسەی خۆی دەبێت.

هێمن هەورامی

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا:

# هەرێمی کوردستان تەنیا قەوارەی سیاسیی نادەوڵەتییە کە هەمووساڵێک بەشداری لە کۆنگرەی ئاسایشی میونشن دەکات

هەرێمی کوردستان ماوەی شەش ساڵە بە بەردەوامی بەشداری لە کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە میونشنی ئەڵمانیا دەکات، ئەمساڵ جیا لەوەی کۆنفرانسی میونشن داوەتی فەرمیی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردبوو، لە هەمانکاتدا داوەتی فەرمیی هێمن هەورامی وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کردبوو، شاندەکەی هەرێمی کوردستانیش بە سەرۆکایەتیی سەرۆك وەزیرانی کوردستان لە رۆژانی ١٤-١٦ی شوباتی ٢٠٢٠ بەشداریی کۆنفرانسی ئاسایشی کرد و لە میانەی ئەم بەشدارییەشدا، شاندی کوردستان ٣١ دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ شاندی وڵاتانی بەشداربوو هەبوو، کە چوار دیداری تایبەتیان لەگەڵ وەزیرانی (وزە و بەرگری و دەرەوە و شاندی هاوبەشی کۆنگریس)ی ئەمریکا بوو، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی ئەم کۆنگرەیە و رۆڵی هەرێمی کوردستان لە دارشتنی سیاسەتی ئاسایش و بەرگری لە سەر ئاستی جیهان و، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم رووداوە گرنگە و بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق و ئامادەکارییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٤، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامداو، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** کۆنفڕانسی ئاسایشی میونشن ساڵانە بە ئامادەبوونی، سەرۆك و بڕیارسازانی بواری سیاسەتی ئاسایش و سەربازی لەسەر ئاستی جیهان گرێ دەدرێت، ئایا بایەخی ئەم کۆنفڕانسە بۆ ئاشتی و ئاسایشی جیهان چییە؟**

- کۆنفڕانسی ئاسایشی میونشن کە ئەمساڵ ٥٦ ـەمین کۆنفڕانسی خۆی گرێدا، یەکێکە لەو پلاتفۆڕمە گەورە و گرنگانەی کە بە دوای چارەسەر بۆ ئەو کێشانەدا دەگەڕێت، کە رووبەڕووی ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەبنەوە، ئەم پلاتفۆڕمە لە سەردەمانی شەڕی سارددا بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو جەمسەری رۆژهەڵات و رۆژئاوا کاری کردووە، ئەمەش بەو مانایەی کە رۆژانی ئەم کۆنفڕانسە ژینگەیەکی لەبارە بۆ بەیەکگەیاندنی لایەنە ناکۆکەکان و راگۆڕینەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە نێودەوڵەتییەکان، هەر بۆیە هەموو کات ئەم کۆنفڕانسە ناوەندێکی رەخساندنی دەرفەت بووە بۆ بەشێك لەو شاندانەی بەشداری دەکەن، ئەگەر ئەو کۆنفڕانسە نەبوایە، لەوانەیە نەیانتوانیایە یەکتری ببینن، هەر بۆ نموونە ئەرمینیا و ئازەربایجان کە لەسەر پرسی ناگۆڕنۆکەرەباغ کێشەیەکی گەورە لە نێوانیاندا هەیە، ئەمساڵ لە کۆنفڕانسی میونشن لە پەنێڵێکی کراوەدا پێکەوە دانیشتن. هەروەها فلادیمیر پۆتین سەرۆکی رووسیا لە ساڵی ٢٠٠٧ هەر لەم کۆنفڕانسەدا روانگەی خۆی بۆ دووبارە گێڕانەوەی شکۆی رووسیا بۆ ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خستەڕوو، ئەوجا وێڕای ئەم کێشانە، ئێستا کێشەی ئاسایشی سایبەر (Cyber security)یشی هاتۆتەسەر، بۆیە ئێستا بۆتە گەورەترین پلاتفۆرمی جیهانی بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی ئاسایش و بەرگری لە جیهاندا.

*** دیارە ناونیشانی راپۆرتی ئەمساڵی کۆنفڕانسی میونشن نەمانی رۆژئاوا (West-lessness) بوو، ئایا ئەم ناونیشانە سەیر و مەترسیدارە تاچەند ئاستەنگ و تەحەددی بۆ سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی دروست دەکات؟**

- ئەم تایتڵەی بە ناونیشانی نەمانی رۆژئاوا (Westlessness) بۆ راپۆرتی ئەمساڵ دایاننابوو، ئاماژەیەکی گرنگ بوو، بەوەی کە رۆژئاوا لەسەر ئاستی ستوونی لە ناوخۆی خۆیدا و لەسەر ئاستی ئاسۆیی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا کێشەی تێ کەوتووە، بەمانایەکی دیکە ئێستا رۆژئاوا لە بەرامبەر رۆژهەڵات هەست بە جۆرێك لە لاوازی دەکات، کە توانای جڵەوگیری و چارەسەری تەواوی کێشەکانی نییە، لەسەر ئاستی ناوخۆش ئاشکرایە رۆژئاوا شانازی بە کۆمەڵێك بەهای گرنگەوە دەکرد، ئێستا ئەو بەهایانەش کێشەیان تێ کەوتووە، ئەوجا بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی رۆژئاوا و هەڵوەستەکردن لەسەر کێشەکانی، هەر ساڵێك بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی کێشەکان، لەسەر ئاستی ئەو ئەکتەرانەی بەشداری لەو کۆنفڕانسە دەکەن، ئەولەوییەتی خۆیان دادەنێن و لە ریگەی پەنێڵەکانەوە قسەی چڕ و پڕیان لەسەر دەکرێت.

*** ئاشکرایە ڤیزەی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردنی لە ماوەی شەش ساڵی رابردوو لەم کۆنفڕانسە جیهانییە، رێبەرایەتیی سەرۆك بارزانی و قارەمانێتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە لە شەڕی دژی داعشدا، پرسیاری ئێمە ئەوەیە کە چۆن سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش بوونە ڤیزەی بەشداریکردنی کوردستان لەم پلاتفۆڕمە گرنگەدا؟**

- ئاشکرایە لە ساڵی ٢٠١٤ ئەو سیستمە جیهانییەی پێی دەڵێن: «سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتی»، کەوتە بەردەم چەندین هەڕەشە، کە هەرە گرنگەکەیان هەڕەشەی تیرۆریستانی داعش بوو، ئەمە دەریخست کە ئەم سیستمە تەنیا بە کاراکتەری دەوڵەتی ناتوانێت بپارێزرێت، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە ئەو هەڕەشانەی رووبەڕووی ئەم سیستمە ببوونەوە، کاراکتەری دەوڵەتی نەیدەتوانی وەڵامدەرەوەی ئەو هەڕەشانە بێت، هەر بۆیە وەك (جۆزیف نای) لە تیۆرەکەیدا بە ناونیشانی پەرتبوونی هێز (Diffusion of Power) ئاماژەی پێ کردووە، هێز لە کاراکتەری دەوڵەتییەوە پەرت بووە بۆ لای کاراکتەری نادەوڵەتی، ئەمەش هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی گۆڕیوە، لێرەوەیە کە

**کۆنفڕانسی ئاسایشی میونشن کە ئەمساڵ ٥٦ ـەمین کۆنفڕانسی خۆی گرێدا، یەکێکە لەو پلاتفۆڕمە گەورە و گرنگانەی کە بە دوای چارەسەر بۆ ئەو کێشانەدا دەگەڕێت، کە رووبەڕووی ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەبنەوە**

**رۆژئاوا لەسەر ئاستی ستوونی لە ناوخۆی خۆیدا و لەسەر ئاستی ئاسۆیی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا کێشەی تێ کەوتووە**

**ئێستا رۆژئاوا لە بەرامبەر رۆژهەڵات هەست بە جۆرێک لە لاوازی دەکات، کە توانای جڵەوگیری و چارەسەری تەواوی کێشەکانی نییە، لەسەر ئاستی ناوخۆش ئاشکرایە رۆژئاوا شانازی بە کۆمەڵێک بەهای گرنگەوە دەکرد، ئێستا ئەو بەهایانەش کێشەیان تێ کەوتووە**

**ئەو سیستمە جیهانییەی پێی دەڵێن: «سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتی»، کەوتە بەردەم چەندین هەڕەشە، کە هەرە گرنگەکەیان هەڕەشەی تیرۆریستانی داعش بوو، ئەمە دەریخست کە ئەم سیستمە تەنیا بە کاراکتەری دەوڵەتی ناتوانێت بپارێزرێت**

هەرێمی کوردستان لە جیاتی کۆمەڵێك دەوڵەت لە ناوچەکە و جیهان بە رابەرایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی سەرکردایەتیی شەڕی دژە تیرۆر دەکات، بۆیە زۆر راستە گیانفیدایی پێشمەرگە و شێوازی رابەرایەتیی سەرۆك بارزانی بوونە ئەو ڤیزەیەی کە هەرێمی کوردستان ببێتە ئەندامی کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە میونشن، ئەمە لەلایەك، بەڵام لەلایەکی دیکە ئەمە مانای ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان وەك کاراکتەرێکی نادەوڵەتی لە جیاتی ئەوەی ئاسایشی دەوڵەتانی ناوچەکە داخورێنێ، خۆی بۆتە بەخشەری ئاسایش بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهانیش، ئەم پێگە گرنگە وایکردووە کە دەوڵەتانی جیهان بەو جۆرە سەیری هەرێمی کوردستان بکەن کە کاراکتەرێکی بەخشەری ئاسایشە لە جیهان و دەبێت بانگهێشتی کۆنفرانسی ئاسایشی جیهان بکرێت و گوێی لێ بگیرێت و کۆبوونەوەی لەگەڵدا بکرێت.

*** ئایا بێجگە لە هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسیی نادەوڵەتی، هیچ هەرێمێکی دیکە لە جیهاندا بەشداریی ئەم کۆنفرانسەی کردبوو؟**

- وەك قەوارەیەکی سیاسی کە کاراکتەری نادەوڵەتی بێت، ئەوەندەی ئێمە تێبینیمان کردبێت، تەنیا هەرێمی کوردستان بانگهێشتی فەرمیی ئەم کۆنفرانسە کرابوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کاراکتەری نادەوڵەتی بە شێوەیەکی دیکەش پۆلێن کراوە، هەر بۆ نموونە لە بواری ئاسایشی سایبەر، ئەمساڵ مارك زۆکەربێرك سەرۆکی کۆمپانیای فەیسبووك داوەت کرابوو، لە پەنێڵەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد، ئەو بودجەی لە ساڵانی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ بۆ ئاسایشی فەیسبووك تەرخانیان کردووە، هێندەی هەموو سەرمایەی فەیسبووك بووە لە ساڵی ٢٠١٢، بۆیە ئەمەش وایکردووە کە کاراکتەری نادەوڵەتی لە بواری ئاسایشی سایبەر رۆڵێکی گەورە بگێڕن.

*** ئاشکرایە گۆڤاری گوڵان ساڵانە زۆر بە وردی چاودێریی کۆنفرانسی میونشن دەکات و راپۆرتی لەسەر ئامادە دەکات، بەڵام ئەوەی لە کۆنفرانسی ئەمساڵ تێبینیمان کرد، ئەوە بوو کە گەرمتر لە ساڵانی پێشوو پێشوازیی شاندی هەرێمی کوردستان کرا و، لە ماوەی تەنیا سێ رۆژدا ٤١ کۆبوونەوە و دیداری ئەنجامدا، ئایا ئەم تێبینییەی ئێمە لە جێگەی خۆیدا بووە؟**

- ئەگەر سەرنجتان لە راپۆرتی ئەمساڵی کۆنفرانسی میونشن دابێت، لە بەشێکیدا باس لە دووبارە رێکخستنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (Rearranging the Middle East) و هەروەها باس لەو هەڕەشانە دەکات کە لە کاراکتەرە نادەوڵەتییەکانەوە لەسەر ئاسایشی ئەم ناوچەیە هەیە، کەواتە ئەم دووبارە رێکخستنەوەیە بۆ دووبارە رێکخستنەوەی ئەو سیستمە هەرێمییەیە کە پێی دەڵێن» (Regional Order)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئێستا لە جیهاندا تەنیا یەك سیستەم بوونی نییە، بەڵکو پشت بەو سیستمە هەرێمییانە دەبەستن، دیارە کاراکتەری رێکخەری ئەم سیستمە هەرێمییانە لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاراکتەری گرنگن، ئێستا هەرێمی کوردستان لە ریزبەندی ئەم سیستمە هەرێمیەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە خەریکی رەنگرێژکردنەوەین، جیا لەوەی کاراکتەرێکی زۆر گرنگە، لە هەمانکاتدا هەرێمی کوردستان لە چەقی کۆمەڵێك ئەجیندایە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەجیندای زۆر گەرمن، بۆ نموونە ئەجینداکانی ململانێی ئەمریکا و ئێران لەسەر گۆڕەپانی عێراق، ململانێی مەزهەبیی شیعە و سوننە، نەمانی مەشرووعییەتی حوکمڕانی لە عێراقدا دوای رزگاربوونی لە دەستی داعش، ئێستاش بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، گەڕانەوەی رووسیا بە هێزەوە لە رێی سووریاوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسایشی وزە لە ناوچەکە، ئاسایشی تاك لەسەر ئاستی هەموو ناوچەکە، دووبارە زەمینەسازکردنەوە بۆ هاتنی سەرمایەداری بیانی بۆ ئەوەی لە ناوچەکە وەبەرهێنان بکەن، سەرباری ئەمانەش هەرێمی کوردستان لە رووی پارێزگاریکردن لە بەهاکان (Value) هەرێمی کوردستان ئەو هێزەیە سەلماندی کە دەتوانێت فرەکولتووری و فرەئایینی (multiculturalism) بپارێزێت، کە ئێستا دیاردەی فرەکولتووری لە وڵاتانی رۆژئاوادا بۆتە کێشە، بۆیە بە لەبەر چاوگرتنی ئەم هەموو تایبەتمەندییە، هەرێمی کوردستان ئەو پێگەیەی هەیە کە هەموو

**هێز لە کاراکتەری دەوڵەتییەوە پەرت بووە بۆ لای کاراکتەری نادەوڵەتی، ئەمەش هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی گۆڕیوە، لێرەوەیە کە هەرێمی کوردستان لە جیاتی کۆمەڵێک دەوڵەت لە ناوچەکە و جیهان بە رابەرایەتیی سەرۆک مسعود بارزانی سەرکردایەتیی شەڕی دژە تیرۆر دەکات**

**گیانفیدایی پێشمەرگە و شێوازی رابەرایەتیی سەرۆک بارزانی بوونە ئەو ڤیزەیەی کە هەرێمی کوردستان ببێتە ئەندامی کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە میونشن**

**هەرێمی کوردستان وەک کاراکتەرێکی نادەوڵەتی لە جیاتی ئەوەی ئاسایشی دەوڵەتانی ناوچەکە داخورێنێ، خۆی بۆتە بەخشەری ئاسایش بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهانیش، ئەم پێگە گرنگە وایکردووە کە دەوڵەتانی جیهان بەو جۆرە سەیری هەرێمی کوردستان بکەن کە کاراکتەرێکی بەخشەری ئاسایشە لە جیهان و دەبێت بانگهێشتی کۆنفرانسی ئاسایشی جیهان بکرێت**

**ئێستا هەرێمی کوردستان لە ڕیزبەندی ئەم سیستەمە هەرێمێەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە خەریکی ڕەنگرێژکردنەوەین، جیا لەوەی کاراکتەرێکی زۆر گرنگە، لە هەمانکاتدا هەرێمی کوردستان لە چەقی کۆمەڵێک ئەجیندایە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەجینداى زۆر گەرمن**

**لە ڕووی پارێزگاریکردن لە بەهاکان (VALUE) هەرێمی کوردستان ئەو هێزیە سەلماندی کە دەتوانێت فرەکولتووری و فرەئایینی (-MULTICUL TURALISM) بپارێزێت، کە ئێستا دیاردەی فرەکولتووری لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بۆتە کێشە**

**چەندین دیداری دیکەش هەبوون، بەڵام لەبەر نەبوونی کات ئێمە هەر فریای ئەو ٤١ دیدارە کەوتین، بەهۆی هاوکاتبوونی دیدارەکان لەگەڵ یەکدی بە ناچاری ڕەتمان کردنەوە، ئەگەرنا دیدارەکان زیاتر دەبوون**

**سەبارەت بە کۆبوونەوەمان لەگەڵ شاندی کۆنگرێس کە ٢٢ کۆنگرێسمانی لەخۆ گرتبوو، بە سەرۆکایەتیی کۆنگرێسمان لیندسی گراهام تەنیا لەگەڵ شاندی هەرێمی کوردستان، هەموو شاندەکە پێکەوە کۆبوونەوە، ئەگەرنا دوایی هەر دوو دوو و سێ سێ لەگەڵ شاندەکانی دیکە کۆدەبوونەوە**

لایەك بایەخی پێ بدەن و داوا بکەن دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەنجام بدەن.

*** بەو پێیەی لە هەموو دیدار و کۆبوونەوەکانی شاندی کوردستان ئامادە بوویت، ئایا ئەو تەوەرە گرنگانە چی بوون کە لەو ٤١ دیدارەدا جەختیان لەسەر کرایەوە؟**

- بێگومان چەندین دیداری دیکەش هەبوون، بەڵام لەبەر نەبوونی کات ئێمە هەر فریای ئەو ٤١ دیدارە کەوتین، بەهۆی هاوکاتبوونی دیدارەکان لەگەڵ یەکدی بە ناچاری ڕەتمان کردنەوە، ئەگەرنا دیدارەکان زیاتر دەبوون، سەبارەت بە بەشداریی منیش، بەڵێ، لە زۆربەی هەرەزۆری دیدارەکاندا ئامادە بووم، لەم دیدارانە کە بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆك وەزیران و سەرۆکی شاندی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، ئەم تەوەرانە باسیان لێوە کراوە:

١. جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستان خوازیارە لەسەر بنەمای پەیوەندیی هەمەلایەنە (multilateralism) پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ کاراکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هەبێت.

٢. جەختکردنەوە لەسەر پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعش و ئەو هەڕەشانەی کە تیرۆر لەسەر ناوچەکە هەیەتی.

٣. خستنەڕووی ڕوانگەی هەرێمی کوردستان بۆ بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق.

٤. خستنەرووی ڕوانگەی هەرێمی کوردستان بۆ هاوکێشە هەرێمییەکان لە ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا.

٥. هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکرێت، بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی باشتر بۆ ئەو ئاوارانەی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

٦. هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکرێت، بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ریشەیی و داڕشتنی بنەماکانی حوکمڕانیی باش بۆ خزمەتی ناوچەکە.

٧. لە هەموو کۆبوونەوەکاندا سەرۆك وەزیران جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازی و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان، ئێستا دەستەی گشتیی وەبەرهێنان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار لەسەر ١٠٠٠ پرۆژەی سەرمایەگوزاری دەکات، بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، بۆیە داوای لە هەموو ئەو وڵاتانە کردووە کە بە ڕێگەی سەرمایەگوزاریی ڕاستەوخۆ، یان بە ڕێگەی هاوبەشیکردن لەگەڵ حکومەت (Public private partnership) بێن و پێکەوە کۆمەڵێك پرۆژە وەبەرهێنانی تێدا بکەن، یان ئەو کۆمپانیانە بێن بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان بکەن. بە شێوەیەکی گشتی ئەم حەوت تەوەرە، تەوەری گشتیی هەموو کۆبوونەوەکان بوون، بەڵام لە کۆبوونەوە و دیدارە دووقۆڵییەکاندا خاڵی دیکەش کە جێگەی بایەخی هەردوولا بوون، باسیان لێوە کراوە.

*** خاڵێکی دیکەش کە لای ئێمە جێگەی سەرنج بوو، ئەوە بوو کە شاندی کوردستان ئەمجارە چوار کۆبوونەوەی جیاوازی لەگەڵ هەر سێ وەزیری (وزە، دەرەوە، بەرگری) ئەمریکا و شاندی کۆنگرێس ئەنجامدا، ئایا ئەم سەرنجە لە لای ئێوەش هەبوو؟**

- حەز دەکەم ڕاشکاوانە بڵێم، سەبارەت بە کۆبوونەوەمان لەگەڵ شاندی کۆنگرێس کە ٢٢ کۆنگرێسمانی لەخۆ گرتبوو، بە سەرۆکایەتیی کۆنگرێسمان لیندسی گراهام تەنیا لەگەڵ شاندی هەرێمی کوردستان، هەموو شاندەکە پێکەوە کۆبوونەوە، ئەگەرنا دوایی هەر دوو دوو و سێ سێ لەگەڵ شاندەکانی دیکە کۆدەبوونەوە، ئەوەی لای شاندی کۆنگرێس گرنگ بوو، ئەوە بوو داوایان کرد، بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆچوونی خۆیان لەسەر بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکە و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعشیان بۆ باس بکات، سەررۆك وەزیران لەو کۆبوونەوەیدا باسی ئەوەی کرد، کە ئێستا ڕۆژانە تیرۆریستانی داعش دوو کردەوەی تیرۆریستی کە دەکاتە ٦٠ کردەوەی تیرۆریستی لە مانگێکدا ئەنجام دەدەن، هەروەها باسی لەوە کرد کە شکستپێهێنانی داعش لە ڕووی سەربازییەوە نەبۆتە هۆکاری لەناوچوونی داعش، لەبەر ئەوەی ئەو زەمینەی بووە هۆکاری ئەوەی داعش سەرهەڵبداتەوە،

ئێستاش ئەو زەمینەیە هەر ماوە، بۆیە جەختی کردەوە کە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت، ئەو زەمینە نەمێنێت، سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی دیکەش، دیارە ئەوە یەکەمجارە کە لە کۆنفرانسێکدا سێ وەزیری ئەمریکا بەشدار بن و هەر سێکیان لەگەڵ یەك شاندا کۆبوونەوەی تایبەتی بکەن .

*** دیسان هەر لەم کۆنفرانسەدا، شاندی هەرێمی کوردستان دوو دیداری لەگەڵ وەزیری دەرەوە و بەرگریی حکومەتی ناوەندیی عێراقیش هەبوو، ئەمەش جێگەی هەڵوەستە بوو، کە شاندی هەرێمی کوردستان جیاواز بوو لەگەڵ شاندی حکومەتی عێراق، بۆچوونی ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟**

- پێشتریش شاندی هەرێمی کوردستان لە میونشن لە گەڵ شاندی حکومەتی عێراق کۆبۆتەوە، هەر بۆ نموونە لەساڵی ٢٠١٧ سەرۆك مسعود بارزانی لە دوای دەستبەکاربوونی د.حەیدەر عەبادی وەك سەرۆك وەزیران بۆ یەکەمجار لە کۆنفرانسی میونشن بینی، پێشتر نەیبینیبوو، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە وەك ئینگلیز دەڵێت: (punching above Its weight) تواناکانی کوردستان لە سەرووی قەوارەی خۆیەتی و رۆڵێکی دیار و بەرچاوتری هەبووە، لەلایەکی دیکەوە ئێمە لەگەڵ شاندی عێراق یەك شاند نەبووین، ئێمەش وەك حکومەتی عێراق داوەتنامەی تایبەتمان بۆ هاتبوو، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە کۆنفرانسی میونشن کاراکتەری دەوڵەتی و نادەوڵەتی بەشداری دەکەن، وەك کۆبوونەوەکانی رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە کە تەنیا دەوڵەتی خاوەن سەروەری بەشداری تێدا دەکەن، هەر بۆیە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی شاندی عێراقدا بەشداریی کۆبوونەوەکانی UN دەکات، بەڵام لەم کۆنفرانسەدا وەك پلاتفۆرمێکی گەورەی ئاسایش و جیۆپۆلەتیك لەسەر ئاستی جیهان مامەڵە لەگەڵ کاراکتەرێکی نادەوڵەتی وەك هەرێمی کوردستان دەکات، بۆیە لەوێش ئاسایی بوو ئەم دوو کاراکتەرە کۆبوونەوە بکەن و یەکتری ببینین.

*** دیارە بەشێك لە قسەکانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان کە لە کۆبوونەوەکان کردبوونی، دزەی کردبووە ناو میدیاکانی جیهان، هەر بۆیە میدیا بەناوبانگەکانی جیهان دیمانەی تایبەتیان لەگەڵ سەرۆك وەزیران ئەنجامداو، وتەکانی ئەویان وەك مانشێتی سەرەکی پیشان دا، ئایا متمانەکردن بە قسەکانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- سەرچاوەی ئەم متمانەیە بە قسەکانی بەڕێز مسرور بارزانی ئەوەیە کە شاندەکان و میدیاکانی جیهانیش باکگراوەندی مسرور بارزانی دەزانن، کە پێشتر راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان بووە، هەروەها دەزانن لە کوردستانیشدا لە ناو جەرگەی دروستکردنی بڕیاردایە و، پێشتریش کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداریی کۆڕبەندی ئابووریی داڤوسی کرد، سەرۆك ترەمپی بینی، ئەمە مانای ئەوەیە کە سەرچاوەی دروستکردنی بڕیار لای ئەوان روون و ئاشکرایە، هەر بۆیە ئێستاش کە بەڕێز مسرور بارزانی وەك سەرۆك وەزیران بەشداری لەم کۆنفرانسە دەکات و رۆڵێکی گرنگی لە تیکشکاندنی داعشدا هەبووە، بۆیە کاتێك ئەم کەسایەتییە دەڵێت: داعش کۆتایی نەهاتووە و خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە، ئەوا ئەم قسەیە زۆر بە جددی و بە متمانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

*** بە مەزندەی ئێوە چۆن ئەم متمانەیەی سەرۆك وەزیرانی کوردستان دەبێتە هۆکارێك بۆ یارمەتیدانی هاوپەیمانان، بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان؟**

- لەسەر بنەمای زانیاری پێت دەڵێم، نەك بە مەزندە، لەکاتی کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئەمریکا، بە فەرمی بە سەرۆك وەزیران و شاندی هەرێمیان راگەیاند کە ئەوان هاوڕان لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی کوردستان، بەوەی کە داعش کۆتایی نەهاتووە و ئەو زەمینەیەی داعش تیایدا سەری هەڵداوە، نەتوانراوە چارەسەر بکرێت، بۆیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و هاوپەیمانەکانیان ئەوان بەردەوام دەبن لەسەر هاریکاری و مەشقپێکردنی هێزی پێشمەرگە، هەروەها شاندی کۆنگریس بە سەرۆك وەزیرانیان راگەیاند کە ئەوان هەوڵی جددی دەدەن، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی هاوکاری بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکەن، هەروەها

**ئەوەی لای شاندی کۆنگرێس گرنگ بوو، ئەوە بوو داوایان کرد، بەرێز مسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆچوونی خۆیان لەسەر بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکە و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعشیان بۆ باس بکات**

**ئەوە یەکەمجارە کە لە کۆنفرانسێکدا سێ وەزیری ئەمریکا بەشدار بن و هەر سێکیان لەگەڵ یەک شاندا کۆبوونەوەی تایبەتی بکەن**

**ئێمە لەگەڵ شاندی عێراق یەک شاند نەبووین، ئێمەش وەک حکومەتی عێراق داوەتنامەی تایبەتمان بۆ هاتبوو، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە کۆنفرانسی میونشن کاراکتەری دەوڵەتی و نادەوڵەتی بەشداری دەکەن، وەک کۆبوونەوەکانی رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە کە تەنیا دەوڵەتی خاوەن سەروەری بەشداری تێدا دەکەن**

**شاندەکان و میدیاکانی جیهانیش باکگراوەندی مسرور بارزانی دەزانن، کە پێشتر راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان بووە، هەروەها دەزانن لە کوردستانیشدا لە ناو جەرگەی دروستکردنی بڕیاردایە**



**لەکاتی کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئەمریکا، بە فەرمی بە سەرۆک وەزیران و شاندی هەرێمیان ڕاگەیاند کە ئەوان هاوڕان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی کوردستان، بەوەی کە داعش کۆتایی نەهاتووە و ئەو زەمینەیەی داعش تیایدا سەری هەڵداوە، نەتوانراوە چارەسەر بکرێت**

وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا و وەزیری بەرگریی کەنەدا، هەموویان سەبارەت بەوەی پەیوەندی بە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشەوە هەیە، جەختیان لەسەر پشتیوانیی بەردەوام بۆ هێزی پێشمەرگە کردەوە، بێگومان خۆتان ئاگادارن ئەو کاتەی هێرش کرایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، هاوپەیمانان ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانیان دژ بە داعش ڕاگرتبوو، بەڵام ئەوە نزیکەی دوو هەفتەیە تەواوی ئۆپەراسیۆنەکان، واتە ئۆپەراسیۆنی هەواڵگری و ئۆپەرەیشنی هاوبەش لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستی پێ کردۆتەوە، هەروەها بڕیارە کە ڕۆڵی ناتۆ لەم پرۆسەیەدا فراوانتر بکەن، بۆیە لە چوارچێوەی ئەو ڕۆڵەی ناتۆ وەری دەگرێت، هاوکاری و پشتیوانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبن.

*** دوای تەوابوونی کۆنفڕانسی ئاسایشی میونشن، سەرۆك وەزیران بە فەرمی سەردانی ڕۆما و ڤاتیکانی کرد، ئایا ئەم سەفەرە تایبەتەی سەرۆك وەزیران بۆچی لەگەڵ کۆنفڕانسی میونشن هاوکات بوو؟**

- وەك دەزانن پار لە مانگی یەك سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا لەگەڵ شاندێکی پەرلەمان سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، ئەوکات بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێردراو بوو، ئەوجا لەبەر ئەوەی شاندی پەرلەمانیان لەگەڵ بوو، منیش لەو کۆبوونەوەیە بەشدار بووم، لەو کۆبوونەوەیە بەفەرمی داوەتی بەڕێز مسرور بارزانی کرا کە لە دەرفەتێکدا سەردانی ڤاتیکان بکات، بێگومان ڤاتیکان زۆر بایەخ بەو ناوچەیە (هەرێمی کوردستان) دەدات، کە کریستیانەکانی تێدا پارێزراون و ئازادییان بۆ دابین کراوە و خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرێت، هەروەها



ئەمە یەکەمجار نییە شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی ڤاتیکان بکات، پشتریش بەڕێزان سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی کە سەرۆك وەزیرانی کوردستان بووە داوەت کراون، ئێستاش کە مسرور بارزانی داوەت کراوە، مانای ئەوەیە کە بایەخدانی ڤاتیکان و کۆمەڵگەی کاسۆلیکی بە هەرێمی کوردستان بەردەوامی هەیە، کە توانیویەتی بە پێچەوانەی زۆرێك لە وڵاتانی دیکە نەوایەکی ئارام بۆ کریستیانەکان فەراهەم بکات، هەروەها پشتگیریی ڤاتیکان پشتگیرییەکی گرنگە، چونکە خۆتان دەزانن هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوا پارتی دیموکراتی کریستانیان هەیە، ئەم پارتانە لە پەرلەمان بەشدارن و گوێ لە ڤاتیکان دەگرن، بۆیە کاتێك ڤاتیکان بایەخ بە هەرێمی کوردستان دەدات، ئەوا پارتە دیموکراتە کریستیانەکان لە پەرلەمانی خۆیاندا بایەخ بە هەرێمی کوردستان دەدەن.

*** لە بەشێك لە قسەکاندا ئاماژەت بەوە کرد کە لەگەڵ ئەو شاندانەی کۆبوونەوە، تێڕوانینی هەرێمی کوردستان بۆ پڕۆسەی سیاسیی عێراق و ڕەوشی خۆپیشاندانەکان گرنگ بووە، ئایا تێڕوانینی خۆت لە سەر ڕەوشی سیاسیی ئێستای عێراق چۆنە؟**

- لەسەر ئاستی شرۆڤەکردن بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئێستا سەردەمی ئاڵۆزی (complexity) و سەردەمی نادڵنیاییە (uncertainty)، ئەم دوو دیاردەیە لە سیاسەتی عێراقدا زۆر بە وردی دیار و بەجەستەیە، هەر بۆ نموونە: ئاڵۆزی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی عێراق هەیە، ئاڵۆزی لە ناوخۆی ماڵی شیعە هەیە، ئاڵۆزی لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و هێزەکانی دیکە هەیە، ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هەیە، ئەمە جگە لە هەموو ئەو دەستێوەردانە هەرێمی و نێودەوڵەتییانەی

**وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا و وەزیری بەرگریی کەنەدا، هەموویان سەبارەت بەوەی پەیوەندی بە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشەوە هەیە، جەختیان لەسەر پشتیوانیی بەردەوام بۆ هێزی پێشمەرگە کردەوە**

که به کردەیی له پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە. ئەم هەموو ئاڵۆزییە وایکردووە جۆرێك لە ناڕوونی و نادڵنیایی لە هاوکێشەی هێز لە عێراقدا دروست ببێت، بەڵام ئەوەی کە سیماکەی بە روونی دیارە، ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسیی دەسەڵاتدار لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ـەوە لەسەر چەندین ئاست شکستخواردوو بووە، بۆ نموونە: لە مامەڵەکردنیان لە شێوازی حوکمڕانی، لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ هاووڵاتیانی ژێر نفوزی خۆیان، لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ پێکهاتەی عەرەبی سوننە لەسەر ئاستی مەزهەبی، لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نەتەوەیی، لە هەموو ئەمانەدا شکستخواردوو بوون، لە ئێستادا عێراق خۆی لە بەردەم کێشەیەکی زۆر گەورەدایە، کە ئەویش کێشەی ناسنامەیە، پرسیار ئەوەیە عێراقیبوون چییە؟ ئایا بۆ تاکێکی شیعە و سوننە و کورد چ مانایەك دەگەیەنێت، هەروەها کێشەیەکی گەورەی حوکمڕانی هەیە، ئەگەر سەیری ئیندێکسی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی بکەین، دەبینین عێراق لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و لە رووبەڕووبوونەوەی هەژاریدا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، ئەگەر سەیری فەلسەفەی دەوڵەت بکەین، بەو مانایەی دەوڵەت ئامرازێکە بۆ مۆنۆپۆڵی هێز و دەبێت هێز تەنیا لای دەوڵەت بێت، ئەوا بە هیچ جۆرێك ئەم پێناسەیە بەسەر دەوڵەتی عێراقدا جێبەجێ نابێت .بۆیە هەرچۆنێك سەیری پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکەین دۆخێکی هێجگار ئاڵۆزە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەم حاڵەتە دوو خاڵی گرنگ رەچاو دەکەین:

١. چۆن قەوارەی هەرێمی کوردستان لە ناو ئەم ئاڵۆزییەدا بپارێزین.

٢. پەیوەندیی وامان لەگەڵ ئەو ناوەندانەی بڕیار لە بەغدا هەبێت، کە بتوانین بەشە بودجەی هەرێمی پێ دابین بکەین، هەروەها بتوانین دەسەڵاتە دەستوورییەکانی خۆمان بپارێزین، بۆ ئەوەی ئەگەر توانیمان رۆڵێکی ئەرێنی بگێڕین بۆ ئەوەی عێراقیش لەگەڵ ئێمە بتوانێت لەسەر قاچی خۆی بوەستێت.

*** ئایا ئەم قسانەی ئێوە ئاماژەیەك نین بەوەی کە ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە کاریگەری لەسەر ئەو ڕێککەوتننانەش دەبێت کە پێشتر هەرێم لەگەڵ حکومەتەکەی د. عادل عەبدولمەهدی لەسەری ڕێککەوتوون؟**

- راشکاوانە دەڵێم، ئێمە لەگەڵ د.عادل عەبدولمەهدی گەیشتبووینە ڕێککەوتنێکی زۆر باش، ئەگەر ئەم ئاڵۆزییانەی ناوخۆی هێزەکانی شیعە نەبوایە و خۆپیشاندانەکان بەو ئاراستەیە نەچووبان، واتە د.عادل عەبدولمەهدی وەك سەرۆك وەزیران بەردەوام بوایە، ئێستا ئەم ڕێککەوتنە ئیمزای لەسەر کرابوو، نێردرابوو بۆ پەرلەمان و بەشێکی زۆری کێشەکانی هەرێمی لەگەڵ بەغدا چارەسەر کردبوو، بۆیە بمانەوێت، یان نەمانەوێت، پریشکی ئەو ناسەقامگیری و ئاڵۆزییەی ئێستای عێراق بەر هەرێمی کوردستانیش دەکەوێت، بۆیە دۆخی عێراق، دۆخی ئاڵۆزی و نادڵنیاییە، تەنیا ئێمە هەوڵدەدەین و جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە چۆن بتوانین خۆمان بپارێزین.

*** لەبەرئەوەی ماوەیەك یاریدەری سەرۆك بارزانی بوویت، دەزانی لە ساتە ئاڵۆزەکاندا سەرۆك بارزانی رۆئیای تایبەتی هەیە، ئایا رۆئیایی ئێستای سەرۆك بارزانی بۆ ئەم کێشە ئاڵۆزە چۆنە؟**

- سەرۆك بارزانی بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کلیلی سەرەکی بۆ مامەڵەکردن لەم بارودۆخەدا ئەوەیە کە هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەڵگری ئەجێندای کوردستانی بن، ئەو هێزانەی کە لە پەرلەمانی عێراق نوێنەرایەتیی کورد دەکەن، بە یەك ستراتیژ سەیری ئەم پرسە بکەن و پێکەوە کاری جددی لەسەر بکەن، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، زنجیرەیەك کۆبوونەوەی لەگەڵ هەموو هێزە کوردستانییەکان لە سەرۆکایەتیی هەرێم ئەنجام داوە، دیارە شاندێکی هەرێم سەردانی بەغدای کردووە، ئەم شاندە پێکهاتووە لە نوێنەرانی (یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو، پارتی، نوێنەری کریستیان و تورکمانەکان) بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە، بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێك گرنگترە، ئەوەیە کە ئێمە دژایەتیی

**پێشتریش کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداریی کۆڕبەندی ئابووریی داڤوسی کرد، سەرۆک ترەمپی بینی، ئەمە مانای ئەوەیە کە سەرچاوەی دروستکردنی بڕیار لای ئەوان روون و ئاشکرایە**

**هەموو وڵاتانی رۆژئاوا پارتی دیموکراتی کریستانیان هەیە، ئەم پارتانە لە پەرلەمان بەشدارن و گوێ لە ڤاتیکان دەگرن، بۆیە کاتێک ڤاتیکان بایەخ بە هەرێمی کوردستان دەدات، ئەوا پارتە دیموکراتە کریستیانەکان لە پەرلەمانی خۆیاندا بایەخ بە هەرێمی کوردستان دەدەن**

**ئاڵۆزی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی عێراق هەیە، ئاڵۆزی لە ناوخۆی ماڵی شیعە هەیە، ئاڵۆزی لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و هێزەکانی دیکە هەیە، ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هەیە، ئەمە جگە لە هەموو ئەو دەستێوەردانە هەرێمی و نێودەوڵەتییانەی کە بە کردەیی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە**

سوننە نەکەین بۆ بەرژەوەندیی شیعە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە، کێشەی ئێمە ئەوە نییە پشکی ئێمە لە بەغدا چەندە و دەکەوێتە لای چ لایەنێکی کوردستانی، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بڕیاری کوردستان لە دەستی کوردستان خۆیدا بێت، نەك لە دەستی بەغدا، یان لە وڵاتانی هەرێمییەوە لە جیاتی کوردستان بڕیار بدرێت.

*** بابەتێکی گرنگی دیکە کە دەخوازم لەگەڵتان باسی بکەم، ئامادەکارییەکان بۆ گرێدانی کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستانە و ئێوەش ئەندامی لیژنەی باڵای دیراسەت و هەڵسەنگاندن و زەمینەسازیی کۆنگرەی ١٤ ن، ئایا چۆن بوو لە ئێستادا بڕیاردرا پارتی کۆنگرەی خۆی گرێ بدات؟**

- لە کۆنگرەی ١٣دا بڕیارێك لە ناو پەیڕەودا تۆمار کرا، کە دەبێت هەر چوار ساڵ جارێك کۆنگرە گرێ بدرێت، بەڵام بە هۆی ئەو بارودۆخانەی بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپێندران، نەمانتوانی لە کاتی خۆیدا کۆنگرە گرێ بدەین، بەڵام لە کۆنگرەی ١٣ ـەوە تا ئێستا، ئێمە بەشداریی پێنج هەڵبژاردنمان کردووە، کە بریتین لە:

١. هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە نیسانی ٢٠١٤

٢. هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ئایاری ٢٠١٨

٣. هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ئەیلوولی ٢٠١٣

٤. هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ئەیلوولی ٢٠١٨

٥. هەڵبژاردنی پارێزگاکانی کوردستان لە نیسانی ٢٠١٤

ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ڕێژەیەك وەربگرین، واتە هەر دووساڵ جارێك هەڵبژاردنێك کراوە، لە هەر پێنج هەڵبژاردنەکەش پارتی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان براوە بووە، لە هەڵبژاردنی ئەیلوولی ٢٠١٣ پەرلەمانی کوردستان ئێمە ٣٨ کورسیمان هەبوو، ئێستا ٤٥ کورسیمان هەیە، سەرۆکی نوێی هەرێم هەڵبژێردراوە و سەرۆکی حکومەتیش لای پارتییە، هەروەها کۆمەڵێك گۆڕانکاری ڕوویانداوە، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەیەکی چۆنایەتی (نەوعی) خۆی ببەستێت، بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتیشە کە لە ساڵی ٢٠٢٠ کۆنگرەی خۆی گرێ بدات.

*** مەبەستتان لە گرێدانی کۆنگرەیەکی چۆنایەتی (نەوعی) چییە؟**

- ئێمە کە دەڵێین کۆنگرەیەکی نەوعی، مەبەست ئەوە نییە کە دابڕانێك لەگەڵ ڕابردوو دروست بکەین، بەڵکو مەبەستمان پڕۆسێسێکی بەردەوامە، ئێمە کە سەیری پڕۆگرامی کۆنگرەی ١٣ دەکەین، ئاشکرایە بەشێك لە ماددەکانی پڕۆگرامی کۆنگرەی ١٣ ئەنجام دراون، هەر بۆ نموونە: لە کۆنگرەی ١٣ داوامان کردووە کە لە ڕووی چاودێرییەوە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان شەفافتر بن، دامەزراوەی دەستەی دەستپاکی دروست بکرێت، چاودێریی داریی ئەکتیڤ بکرێت، ئەمانە هاتوونەتە ئاراوە و جێبەجێ کراون، بۆیە سەیری پڕۆگرام دەکەین، ئەوانەی جێبەجێ کراون، لای دەبەین، ئەوەی ماوە دەیهێڵینەوە، هەروەها چەندین شتی دیکەش هەن کە گۆڕانکارییەکانی ئێستا داوای دەکەن و دەبێت ئەوانیش بخەینە ناو پڕۆگرامەوە، هەروەها دەبێت هەوڵبدەین کە پارتی بکەینە پارتی هەڵبژاردن، ئەمەش بەو مانایەی کە هەموو هەوڵی خۆمان بخەینەکار بۆ ئەوەی ڕێژەی کورسییەکانمان کە ئێستا ٤٥ کورسییە، زیاتری بکەین، بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی پارتی فراوانتر بکەین.

*** وەك ئەوەی لە هەندێك لە هەڤاڵانی ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی گوێمان لێ بووە، دیارە پێشنیارێك هەیە ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لە سەرکردایەتیی پارتی بەرز بکرێتەوە بۆ ٣٠ ٪، ئایا ئەمە بۆتە پێشنیار؟**

- ئەوە ئەرکی ئەم لیژنەیەی ئێمە نییە و، ئەرکی لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەیە، کە ئەویش دابەش دەبێت بەسەر سێ لیژنەی دیکەدا، کە بریتین لە لیژنەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە، لیژنەی کارگێڕیی کۆنگرە، لیژنەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە، لیژنەی ئێمە لیژنەی دیراسەت و ئامادەسازییە، بۆ ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی نەوعی، ئەم وردەکارییانە زیاتر لە ناو کۆنگرە وتووێژی لەسەر دەکرێت و بڕیاری لەسەر دەدرێت.

**سەرۆک بارزانی بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کلیلی سەرەکی بۆ مامەڵەکردن لەم بارودۆخەدا ئەوەیە کە هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەڵگری ئەجێندای کوردستانی بن**

**کێشەی ئێمە ئەوە نییە پشکی ئێمە لە بەغدا چەندە و دەکەوێتە لای چ لایەنێکی کوردستانی، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بڕیاری کوردستان لە دەستی کوردستان خۆیدا بێت، نەک لە دەستی بەغدا، یان لە وڵاتانی هەرێمییەوە لە جیاتی کوردستان بڕیار بدرێت**

**دەبێت هەوڵبدەین کە پارتی بکەینە پارتی هەڵبژاردن، ئەمەش بەو مانایەی کە هەموو هەوڵی خۆمان بخەینەکار بۆ ئەوەی ڕێژەی کورسییەکانمان کە ئێستا ٤٥ کورسییە، زیاتری بکەین، بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی پارتی فراوانتر بکەین**

# چاکسازی...!

گۆڕان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- مێژووییە؛ شێوەی پرۆسەیەکی بەردەوامی وەرگرتووە و هەمیشە لەگەڕ دایە، ئەگەرچی هەموو کاتێک هەست بە ڕەوت و ئەنجامەکانی ناکرێت. بە گوێرەی لۆگیکی دیالێکتیکا، گۆڕان دەرئەنجامی بزاوتە - پەیوەندیی هەمیشەیی ⟵ بزاوتی هەمیشەی ⟵ گۆڕانی هەمیشەیی؛

جا، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا لە پەیوەندیی بەردەوام دایە (لەناوخۆ و لەگەڵ دەرەوەشیدا)- ئەوەش دەکاتە بزاوتی بەردەوام و کەواتە گۆڕانەکانیش هەموو کات ڕوودەدەن... زۆربەی گۆڕانەکانیش لە پرۆسەیەکی هێمن و لەسەرخۆ دێنە ئاراوە و بۆیەش هەستپێکراو نابن، ئەو گۆڕانکارییانە نەبن کە ڕادیکالین و ئەنجامی دیاردە و ڕووداوی گەورە و کاریگەرن؛ ئەمانە دەبن بە مایەی ئاژاوە و شڵەژانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تێکچوونی سستەم – وەکو قەیران، شۆڕش، جەنگ و کارەساتەکان... ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە زۆر جار شێوەی وەرچەرخانی سەرانسەریی وەردەگرن و سەرلەبەری سستەمی کۆمەڵایەتی و حوکمڕانی دەگرنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربوون و کەڵەکەبوونی وردەگۆڕان و هەروەها چاکسازییە لاوەکییەکان جاری وا دەبێ، دەرئەنجام، گۆڕانی گەورەی ژیانی کۆمەڵایەتییان لێ دەکەوێتەوە؛ ئەم پرۆسە هێمن و لەسەرخۆیە، لە مەودای هەندێک دووردا، زێدەبوونی ئاستەکانی مەعریفە و هوشیاریی کۆمەڵایەتیی لەگەڵدا دەبێ، بەمەشەوە خەڵک زێتر درک بە کەموکوڕییەکان دەکەن، داواکارییان بۆ گۆڕین و چاکسازی پتر دەبێ کە ئەوەش هاندەر دەبێ بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی زیاتر- ئەمە ئەگەر چاکسازی ئامانجی دەسەڵات بێ و پلانی بۆ دارشتبێ.

لەم ڕوانگەیەوە، گۆڕان دیاردەیەکی حەتمییە، جا لەسەرخۆ و ئاسایی و سروشتیانە بێ، یاخود ڕادیکالانە و بە زۆرەملی. لە هەردوو حاڵەتیشدا، بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، چەند مەرجێکی پێویست هەن دەبێ بڕەخسێن :

- یەکەمین مەرج و سەرەکیترنیان، بریتییە لە پێداویستیی خەڵک؛ ئایا گۆڕان بووە بە پێویستییەکی هەنووکەیی ؟ - ئەوە خەڵکە بڕیار دەدات ڕازی بێت بە ژیانی خۆی، یانیش نارەزایی دەربڕێ و داوای گۆڕانکاری بکات... هەر داواکارییەک جەماوەریی نەبێ پشتگوێ دەخرێ.



د. رەشاد میران

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

- مەرجی دووەمین – بڕی مەعریفەی کەڵەکەبوو لە کۆمەڵگادا، ئەمەش واتە ئاستی هەشیاریی کۆمەڵایەتی؛ ئایا ئەو خەڵکە هوشیارییەکەی لەو ئاستە دایە کە پەی بە کەموکوڕییەکان ببات و درک بە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی خۆی بکات ؟

- مەرجی سێیەم- جۆری سستەمی کۆمەڵایەتی؛ ئایا ئەو سستەمە، بنیادی کۆمەڵایەتی و کولتوورەکەی، پتەو و داخراوە، یان کراوەیە و پانتاییەکی تیایە بۆ جوولە و بزاوت و سەرهەڵدان ؟ لە هەندێ کۆمەڵگایان بۆ دەربڕینی نارەزایی و داواکارییەکانی خەڵک هیچ دەرفەتێک نارەخسێ.

لە پاڵ ئەمانەشدا، کە مەرجی سەرەکی و پێویستن، هەل و مەرجیتریش هەن یارمەتیدەر دەبن بۆ ڕوودان یان ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان، وەکو هۆکارەکانی ئابووری، سیاسی، ڕۆشنبیری...

لە سەرهەڵدانەکانی ئەم دواییەی خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عیراقدا، هەموو ئەو مەرجانەی سەرەوە ڕەخساون؛ ئەمە نموونەیەکی زیندووی هەڵوێست و پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵاتن، بەڵام ڕێگرییەکانی سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە بریتین لە هۆکاری سیاسی و دەرەکی- چونکە بۆ بە ئامانج گەیشتنی هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی، وەکو لە تێزێکی تیۆریای شۆڕشدا هاتووە،

نارەزایی جەماوەر بەتەنیا بەس نییە، بەڵکو دەبێ دەسەڵاتیش (سستەمی سیاسی) چیتر نەتوانێ خۆی ڕاگرێ و بەردەوامبێ - لە عیراق، مەرجەعیەتی ئایینی (ئایدیۆلۆگیا)، هێزی چەکداریی لایەنە سیاسییەکان و پشتگیریی دەرەکی، تاکو ئێستا، سستەمی حوکمڕانییان ڕاگرتووە.

چاکسازی...

ئەرکی سستەمی کۆمەڵایەتییە ژیانی خەڵک ڕێک بخات و پێداویستییەکانیان دابین بکات؛ ئەمەش لە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسییە کە دەزگایەکی بنیادیی ئەو سستەمەیە. کاتێک دەزگای دەسەڵات ئەمەی وەکو پێویست پێ نەکرا، ئەوا مەرجەکانی گۆڕان، یان هەندێکیان سەرهەڵدەدەن... لە حاڵەتی واشدا، دەسەڵاتدارانی هوشیار پەنا دەبەن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە هەندێ بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت سیاسیش، وەکو ڕێکارێک بۆ پێشگریکردنی سەرهەڵدانی جەماوەری لە وڵات.

بەڵام لە بنەڕەتدا چاکسازی دەبێ



«ئایدیۆلۆگیا»ی دەسەڵاتی سیاسی بێت، بە پلان ڕێکار و وردەکارییەکانی ئەنجامدانی بەرنامەڕێژ کرابێ؛ ئامانجیش لەمە دەبێ پێشخستن و گەشەپێدانی سستەم و ژیانی کۆمەڵایەتی بێت، نە وەکو تەکتیکێک بۆ پێشگریکردن لە سەرهەڵدانی ئاژاوە و ناسەقامگیری؛ بەگوتەیەکی تر، دەسەڵات قەناعەتێکی ئایدیۆلۆگیانەی هەبێت بە گۆڕینی سستەمی کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشبردنی ژیانی خەڵک...

ئەمەش، واتە چاکسازیی ڕاستەقینە، تەنیا بە دەسکاریکردنی بوار و لایەنە ماددییەکانی ژیانی خەڵک نابێ، لەگەڵ گرنگییەکەشی، بەڵکو هاوتەریب دەبێ زێتریش کار لەسەر لایەنەکانی مەعنەوی، مەعریفی و هوشیارییان بکرێت... چونکە هەر چاکسازییەک لەسایەی هەمان کولتوور و هەمان بەها و شێوازی بیرکردنەوەی خەڵکەکەدا بێسوود و وەکو پێویست سەرناگرێ ؛ بگرە هەر پێشکەوتن و پێشڤەچوونێک لە هەر بوارێکدا، دەبێ بیرۆکە و بەهای باڵایان لە پشت بن؛ بۆ نموونە، باشترکردنی گوزەرانی خەڵک، هاوکات دەبێ هوشیارکردنەوەیان و بڕەودان بە بەهاکانی لەگەڵ دابێ - بەهاکانی وەکو : نیشتمانپەرەوەری، ڕاستگۆیی، دڵسۆزی لە کارکردن، دەستپاکی، هاوکاری، بەرهەمهێنان... بۆ ئەمەش دەزگا فەرمییە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات بخرێنە گەڕ : پەروەردە، ڕاگەیاندن، ئایینی، ڕۆشنبیری... لە پاڵ ئەمەشدا دانانی یاسای گونجاو، کاراکردنی دەزگای یاسایی و توند پابەندکردنی خەڵک بە یاساکانەوە [ئەوەی مرۆڤ لە پێشێلکاری دەگەڕێنێتەوە یاسایە، یان وردتر سزایە- لە پێشکەوتووترین وڵات کە یاسا ئیفلیج دەبێ، جۆرەها پێشێلکاری ڕوودەدەن!] — هەڵگرانی ئەم بەهایانە خۆیان دەبن بە خاوەنی چاکسازی، بە دەسکەوتی خۆیانی دەزانن، دەیپارێزن و پەرەی پێدەدەن.

چاکسازی لە بواری کولتووریدا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام مەحاڵیش نییە و زۆریش پێویستە. لەمەدا پێویست بە فیکر و عەقیدە و زانست دەکات. نابێ لەو باوەڕەدا بین کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کەسێکی زانستگەرا (علمانی) سستەمی کۆمەڵایەتیی بەلاوە بێ خەوش و لێی ڕازیبێت؛ ئەو سستەمەی ژیانی هەموومانی دارشتووە و کولتوورەکەمان کۆنترۆڵ و بەڕێوەی دەبات، چونکە جیاکاری و نادادیی زۆری تیا چەسپاوە و ئەندامانی کۆمەڵگا پێیانەوە دەناڵێنن- جیاکارییەکانی جێندەری (ژن و پیاو)، کۆمەڵایەتی (چینایەتی، خێڵ و بنەماڵەیی، ئایینی)، ئابووری (هەژار و دەوڵەمەند)، تەنانەت پەروەردەش (قوتابخانە و زانکۆکانی فەرمی و ئەهلی)، هەروەها تەندروستی (نەخۆشخانەکانی



فەرمـی و ئەهلـی)... لـە هەمووشـی گرنگتـر و کاریگەرتـر، سسـتەمی کۆمەڵایەتیمـان کۆمەڵگەرایـە، تیایـدا تاکەکـەس بەجارێـک بـزرە و نزیکـەی مـاف و پلەیەکـی نییـە؛ تـاک لێـرەدا بەتەنیـا بایەخێکـی ئەوتـۆی نییـە، بەڵکـو دەبـێ سـەربە خێزانێـک، بنەماڵەیـەک، ئایینێـک یـان حیزبێـک بێـت، دەنـا هیـچ بوارێکـی جوولـە و بزاوتـی بـۆ نارەخسـێ؛ لەکاتێکـدا هـەر یەکێـک لـە تاکەکەسـان خـاوەن فیکـر و بەهـرە و توانـای تایبـەت بـە خۆیەتـی و پشتگوێخستنیان، لەبـەر ئـەو هۆیانـەی سـەرەوە، بەهەدەردانـی سامانی مرۆییـە- لـە بەرامبـەردا کەسـانی سـەربە دەزگاکانـی سـەرەوە دەرگای دەرفەتەکانیـان بـۆ واڵادەکـرێ هەتـا ئەگـەر بـێ بەهـرە و بـێ توانـاش بـن، ئەمـەش واتـا چەقبەسـتوویی و سـوڕانەوە لـە دەورەی خـۆ.

بـە ڕەچاوکردنـی ڕەوشـی ئێسـتای کۆمەڵگای کـوردی، ئاسـتی «پێشـکەوتنی » و جـۆری پێداویسـتییە هەنووکەییەکانـی لـەم قۆناغـە مێژووییـەی پێیـدا دەڕوا؛ هەروەهـا بە لەبەرچاوگرتنی ئاسـتی هوشـیاریی کۆمەڵایەتـی کـە پێشـڤەچوونی پێـوە دیـارە... ئیتـر کاتـی ئـەوە هاتـووە دەسـەڵات هەندێـک بوێرانـە و بـە پەلـەش خـۆی لـە قـەرەی ڕەوشـی کۆمەڵایەتـی و کولتووریـی چەقبەسـتووی کۆمەڵـگای کـوردی بـدات کـە بەبـێ ئەمـە شـتێک زێتـر نـاکات لـە دەسـەڵاتدارانی پێشـتر.

لـەم ڕوانگەیـەوە، خاڵـە سـەرەتایی و هەرەگرنگەکانـی کارکردنـی دەسـەڵات لەسـەر بابەتـی گـۆڕان، یـان وردتـر گۆڕینـی کولتـووری، بـە ڕای ئێمـە، دەبـێ ئەمانـە بـن :

- دەسنیشـانکردنی ئـەو بەهـا کولتووریانـەی بـڕەو بـە جیاکارییـەکان دەدەن لەنێـوان ئەندامانـی کۆمەڵگادا (ژن و پیاو، گـەورە و بچووک، هـەژار و دەولەمەنـد...) و بەرەنگاربوونەوەیـان بـە هەمـوو شـێوەیەک

- هەروەهـاش ئەوانـەی بـڕەو بـە ڕەوشـی چەقبەسـتوو دەدەن (بـاو و باپیـران وایـان کـردووە و ئێمـەش هـەر دەبـێ وا بکەیـن...)

- بنبڕکردنـی ناعەدالەتییەکان (بەخشینی پلە و پۆسـت و سـامان و ئیمتیـاز...)

- نەهێشـتنی دیـاردە کۆمەڵایەتییـە قێزەوەنـەکان [بەشـوودانی کـچ بـێ ڕەزامەندیـی خـۆی، خەتەنەکردنـی کچـان، دژایەتـی و ناشـرینکردنی جیابوونـەوەی ژن و مێـرد، مـەلا عەلییـەکان...]

- سەرپەرشـتیکردنی ڕاسـتەوخۆی خێـزان و گرتنەدەسـتی پرۆسـەی پێگەیاندنـی کۆمەڵایەتـی [بـا چیتـر دایـک و بـاوک بەتەنیـا بەرپـرس نەبـن لـە پێگەیانـدن و پەروەردەکردنـی منداڵانیـان...]

جێبەجێکردنـی سـەدی هەرچەنـدی بێـت لـەم خاڵانـەی سـەرەوە، بـە دڵنیاییـەوە، سـەرەتای بەرپابوونـی شۆڕشـێکی کۆمەڵایەتـی دەبـێ.



دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر

سەرۆکی دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بە کەیسی گەندەڵی بۆتە پێداویستییەکی بنەڕەتی

# یەكێك لە كۆڵەگەكانی پڕۆسەی چاكسازی لە هەر وڵاتێكدا دژایەتیكردنی گەندەڵییە

**چاكسازی بە بێ بنبڕكردنی گەندەڵی سەركەوتوو نابێت، هەربۆیە لە كارنامەی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا سەرۆكی حكومەت ئاماژەی بەوە كرد كە خۆشبەختانە توانیویانە گەندەڵی رابگرن، ئەمەش سەرەتای رێگایە بۆ ئەنجامدانی چاكسازییەكی فراوان و بنبڕكردنی گەندەڵی لە هەردوو كەرتی گشتی و تایبەتدا، بۆ قسەكردن لەسەر پرسی بنبڕكردنی گەندەڵی و گرنگیی بەهێزكردنی دەزگاكانی چاودێری و دەستپاكی و دادوەری، چەند پرسیارێكمان ئاراستەی دكتۆر ئەحمەد سەرۆكی دەستەی دەستپاكیی هەرێمی كوردستان كرد ؛ لێرەدا پوختەی قسەكانی بڵاو دەكەینەوە.**

*** ئەگەر دەكرێت، سەرەتا ئەركەكانی دەستەی دەستپاكیی هەرێمی كوردستانمان بۆ دیاری بكەن. ئایا ئەم دەستەیە كارەكانی تایبەتە بە بەدواداچوون لەسەر (بەرپرس و دامەزراوەكانی حكومەت)، یان ئەركی ئێوە كەرتی تایبەتیش دەگرێتەوە؟ ئەم پرسیارەشمان لەبەر ئەوەیە كە فاكتەری سەرەكیی گەندەڵی بە تێگەیشتنی ئێمە لە كەرتی تایبەتەوە سەرچاوەی گرتووە، بە مانایەكی دیكە ئایا ئەوە كەرتی تایبەت نییە كە كولتووری هاندانی گەندەڵی بڵاوكردۆتەوە؟**

- بەپێی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١١ كە لە ساڵی ٢٠١٤ هەموار كراوەتەوە، ئەركی سەرەكیی دەستەی دەستپاكی بریتییە لە دژایەتیكردنی گەندەڵی و بنبڕكردنی و چەسپاندنی یاسا و بنەماكانی دەستپاكییە لە كاروباری دامودەزگاكانی دەوڵەتدا، بۆ ئەم مەبەستەش كۆمەڵێك ڕێوشوێنی جۆراوجۆر دەستنیشان كراون، رێگای یەكەم بریتییە لە خۆپارێزی، واتە خۆپارێزی لە گەندەڵی، بۆ ئەوەی رێگری لە دروستبوونی زەمینەی لەبار بۆ گەندەڵی بكرێت، ئەمەش لە رێگەی دەركردنی چەند رێنماییەك كە دەستەكەمان كاری لەسەر كردووە، لەوانە: رێنمایی ئاشكراكردنی سەروەت و سامانی بەرپرسە باڵاكان، بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە بە شێوەیەكی بەردەوام فۆرمێك بەسەر بەرپرسە باڵاكانی هەرێمی كوردستاندا بۆ ئاشكراكردنی سەروەت و سامانیان دابەش دەكرێت، دوای ئەوەی لە پۆستەكانیان تەواو دەبن، پڕۆسەی وردبینیكردنی ئەم بابەتە دەست پێدەكات، بۆ دڵنیابوون لەوەی هیچ بەرپرسێكی باڵا لەم وڵاتەدا لەسەر حیسابی پۆستی گشتی هەوڵی دەوڵەمەندبوون نەدات. خاڵی دووەم دەركردنی رێنمایی رەفتاری وەزیفییە، كە تێیدا جەخت لەسەر كۆمەڵێك پرەنسیپ كراوەتەوە لە كاری دەوڵەتداری و كەرتی گشتیدا، كە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە فەرمانبەر بە دڵسۆزی و دەستپاكی و بە پاراستنی سەروەریی یاسا كارەكانی جێبەجێ بكات و بێ جیاوازی خزمەتی هاووڵاتیان بكات. لەخاڵێكی دیكەدا دەستەكەمان جەخت لەسەر هۆشیاری دەكاتەوە، واتا هۆشیاركردنەوەی كەرتی گشتی و خەڵكی بە شێوەیەكی گشتی لەسەر مەترسیی كەیسەكانی گەندەڵی، بەداخەوە لە چەند ساڵی رابردوودا بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەتوانرا ئەو بابەتە وەكو پێویست كاری لەسەر بكرێت. لەپاڵ ئەم ئەركانە لایەنی یاساشمان پشتگوێ نەخستووە، بەو پێیەی دەستەی دەستپاكی دەتوانێت چاودێریی كار و چالاكییەكانی حكومەت بكات، بەوەی هەر بڕیارێك لە حكومەت دەربچێت، ئەگەر دەستەی دەستپاكی زانی ئەو بڕیارە زیان بە موڵكی گشتی دەگەیەنێت، بتوانێت بەدواداچوونی بۆ بكات و داوای هەڵوەشانەوەی بكات. خاڵێكی دیكە ئەركەكانی دەستەی دەستپاكیی هەرێمی كوردستان وەرگرتنی زانیارییە لەسەر كەیسەكانی

**لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە بە شێوەیەكی بەردەوام فۆرمێک بەسەر بەرپرسە باڵاكانی هەرێمی كوردستاندا بۆ ئاشكراكردنی سەروەت و سامانیان دابەش دەكرێت**

گەندەڵـی و تۆمارکردنـی و لێکۆڵینـەوە لەلایـەن لێکۆڵەرانـی دەستەو، دواتـر رەوانەکردنـی کەیسـەکە بـۆ دادگای لێکۆڵینـەوە و وەکـو کەیسـێکی جەزائـی و لـە قۆناغـی داهاتـوودا ئەگـەر بەڵگـە هەبـوو، دەچێتـە دادگا، تـا ئێسـتا سـەدان کەیسـی گەندەڵـی رەوانـەی دادگاکان کـراون، رەنگـە لـەم بارەیـەوە تـا رادەیـەك جۆرێك لـە رێگرتـن لـە گەندەڵـی دروست بووبێـت، بـەڵام ئەمـە هێشـتا هەنـگاوی یەکەمـە و، دەکرێـت لـە داهاتـوودا کاری باشـتر و گـەورەتـری لەسـەر بکرێـت. هەروەهـا هـەر سـکاڵایەك هەبێـت لەسـەر کەیسـەکانی گەندەڵـی کـە تێیـدا کەرتـی تایبـەت تێوەگلابێـت، ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە دەتوانیـن کاریـان لەسـەر بکەیـن.

*** لـە یەکێك لـە دانیشـتەکاندا لەگـەڵ لیژنـەی چاکسـازی لـە پەرلەمانـی کوردسـتان ئامـاژەت بـەوە کـرد، کـە قەیرانـی دارایـی بووەتـە هـۆی ئـەوەی ناچـار بیـن هەنـگاو بـۆ چاکسـازی هەڵبگریـن، ئـەم پرۆسـەیەش وەك نەشـتەرگەرییەك وایـە، ئەگـەر بزانیـن نەخۆشـەکەش دەمرێـت، دەبێت نەشتەرگەرییەکە هەر بکەیـن، ئایا ئێستاش لەسـەر پرسـی چاکسـازی و دژایەتیـی گەندەڵـی هەمـان رای ئـەو کاتـەت هەیـە؟ بۆچـی ئـەم پرسـە لەسـەر ئایندەی کوردستان هێندە بە مەترسیدار دەزانیت؟**

- لـە ئێسـتادا ئـەوەی بـەدی دەکرێـت، ئەوەیـە کـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان خـۆی بەرنامەیەکـی چاکسـازی هەیـە و کاری لەسـەر دەکات، بـە دڵنیاییـەوە دەرکردنـی ئـەو یاسـایە هەنگاوێکـی باشـە و جێـگای دەستخۆشـییە و گرنگیشـە میکانیزمەکانـی جێبەجێکردنـی (کـە ئێسـتا حکومـەت سـەرقاڵە بـە دارشـتنیانەوە) لـە ئایندەیەکی نزیکدا بکەونەکار. دواتر مـن دەمەوێت ئـەوە بڵێم کـە پرۆسـەی چاکسـازی لـە کوردسـتان زۆر گەورەتـرە لـەوەی تەنیـا لـە یاسایەکدا کورتـی بکەینـەوە، چونکـە پێویسـتە چاکسـازیی ریشـەیی لـە هەمـوو کەرتەکانـی خزمەتگوزاریـی گشـتیدا ئەنجام بدرێـت، کـە ئاشـکرایە حکومەتیـش تەنیـا ئامرازێکـە بـۆ خزمەتکردنـی خەڵـك، کەواتـە ئەمـە سـەرەتایەکی باشـە، بـەڵام وەك هەمـوو لایـەك جەختـی لەسـەر دەکەنـەوە، دەبێـت پرۆسـەی چاکسـازی لـە هەمـوو بوارەکانـدا بـەردەوام بێـت. یەکێـك لـە کۆڵەگەکانـی پرۆسـەی چاکسـازی لـە هـەر وڵاتێکـدا دژایەتیکردنـی گەندەڵییـە، تەنانـەت بـە بێ دژایەتیکردنی گەندەڵی زەحمەتـە پرۆسـەی چاکسـازیی سـەربگرێت، ئەمـەش تەنیـا لـە رێگـەی بەهێزکردنـی دەزگاکانـی دژایەتیکردنـی گەندەڵییـەوە دەکرێـت، کـە دیوانـی چاودێریـی دارایـی و دەسـتەی دەسـتپاکی و دەسـەڵاتی دادوەرییـە، لەبـەر ئـەوە ئـەو میکانیزمـە لـە سـەرجەم وڵاتانـدا وایـە کـە حکومـەت خـۆی لـە ناوخـۆدا چاودێریـی ناوخۆیـی بـکات، بـۆ ئـەوەی رێگـر بێت لـەوەی لـە دامودەزگاکانیـدا پێشـێلی یاسـا بکرێت و موڵکـی گشـتی بەهـەدەر بدرێـت.

*** سـەرکەوتنی کارەکانـی ئێـوە بـە پلـەی یەکـەم بەنـدە بـە سـەروەریی یاسـاوە، خۆشـتان دەزانـن ئەگـەر یاسـا سـەروەر بوایـە، زەحمـەت بـوو ئـەو بـوارە فراوانـە بـۆ گەندەڵـی و گەندەڵـکاران دروست ببێـت، ئایـا تاچەنـد لـە ئێسـتادا هەوڵـەکان بـۆ ئـەوەن کـە یاسـا لـە کوردسـتان سـەروەر بێـت؟**

- ناتوانیـن بڵێیـن لـە کوردسـتاندا بـە تەواوەتـی یاسـا سـەروەرە و ناشـتوانین بڵێیـن یاسـا نییـە، بێگومـان یاسـا هەیـە و دامـەزراوەکان بەشـێکی زۆریـان بە یاسا کار دەکەن، بەڵام هێشتا پێویستە دامـەزراوەکان بەهێـز بکرێـن، هـەر خـۆی لەخۆیـدا کاتێـك کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان باسـی کوردسـتانێکی بەهێـز دەکات و جەخـت لەسـەر ئـەم بـوارە دەکاتـەوە، دەبێـت هێـزە سەرەکییەکە سـەروەریی یاسا بێت، دواتر هێزەکانـی ئابـووری و خزمەتگـوزاری و...هتـد، لەبـەر ئـەوە هێشـتا سـەروەریی یاسـا لـە کوردسـتان پێویسـتی بـە بەهێزکـردن هەیـە، تـا ئێسـتاش دیاردەکانـی زێدەرۆیـی لەسـەر موڵکـی گشـتی و دیـاردەی دەرچوون لـە لێپرسینەوە و کۆمەڵێك تـاوان لـە نـاو کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە و تاوانباران وەکو پێویست سزا نادرێن. لەبـەر ئـەوە بە بۆچوونـی مـن هێشـتا کوردسـتان ماویەتـی و دەبێـت کاری جددی لەسـەر مەسـەلەی سـەروەریی یاسـا بکرێـت، سـەروەریی یاسـا خاڵێکـی گرنگـە و یەکێـك لـە فەیلەسـووفە یۆنانییـەکان پێـش ١٥٠٠ سـاڵ دەڵێـت: سـەروەریی یاسـا بناغـەی ژیانـی کۆمەڵگـەی مەدەنییـە.

*** لـەم ماوەیـەی کـە ئـەم دەسـتەیە دامـەزراوە، ئێوە کارتان لەسـەر دەیان و سەدان پرسی گەندەڵـی کـردووە، هەروەهـا بەشێکیشـیان رەوانـەی دادگاکان کـراون، بـەڵام ئێمـە نازانیـن دادگا چـۆن بـە یاسـا مامەڵـەی لەگـەڵ ئـەو پرسـانە کـردووە؟ هەروەهـا**

**دەستەی دەستپاکی دەتوانێت چاودێریی کار و چالاکییەکانی حکومەت بکات، بەوەی هەر بڕیارێک لە حکومەت دەربچێت، ئەگەر دەستەی دەستپاکی زانی ئەو بڕیارە زیان بە موڵکی گشتی دەگەیەنێت، بتوانێت بەدواداچوونی بۆ بکات و داوای هەڵوەشانەوەی بکات**

**تا ئێستا سەدان کەیسی گەندەڵی رەوانەی دادگاکان کراون، رەنگە لەم بارەیەوە تا رادەیەک جۆرێک لە رێگرتن لە گەندەڵی دروست بووبێت، بەڵام ئەمە هێشتا هەنگاوی یەکەمە و، دەکرێت لە داهاتوودا کاری باشتر و گەورەتری لەسەر بکرێت**

**پرۆسەی چاکسازی لە کوردستان زۆر گەورەترە لەوەی تەنیا لە یاسایەکدا کورتی بکەینەوە، چونکە پێویستە چاکسازیی ریشەیی لە هەموو کەرتەکانی خزمەتگوزاریی گشتیدا ئەنجام بدرێت**

**ناوی ئەو گەندەڵکارانەش ئاشکرانین، بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ گەندەڵی دابنرێت و ترسێك لە یاسا دروست ببێت؟ لەمبارەوە چی دەڵێن؟**

- هەمووان دەزانن دادگاییکردن لە کوردستان ئاشکرایە و هەموو رۆژنامەنووسێکیش دەتوانێت لە پرۆسەی دادگاییکردنەکاندا ئامادە بێت، بەڵام زۆربەی رۆژنامەنووسان پشت بە ئێمە دەبەستن و هیچیان نەهاتوون بڵێن ئەم هەفتەیە چ دانیشتنێکی دادگاییکردن هەیە، بۆ ئەوەی بچین ئامادەی بین. راستە پرۆسەی دادگاییکردن لە کۆی کەیسەکانی گەندەڵی بەدڵی ئێمە بەرێوە ناچێت و دووساڵ زیاترە داوای تەرخانکردنی دادگایەکی تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی دەکەین، چونکە ئێمە پێمان وایە تێکەڵکردنی ئەم کەیسە لەگەڵ کۆمەڵێك کەیسی دیکە دەبێتەهۆی دواخستنی دادگاییەکە، یان وەکو پێویست نابێت، ئەگەر بمانەوێت دژایەتیکردنی گەندەڵی بەهێز بکەین، دەبێت دادگایەکی تەرخانکراو بەو بوارە هەبێت، لە رەشنووسی هەموارێکی یاسای دەستەی دەستپاکیدا کە ساڵی رابردوو رەوانەی پەرلەمانمان کرد، یەکێك لە خاڵەکانی ئەوەیە کە دەبێت ئەنجومەنی دادوەریی لەسەر داوای دەستەی دەستپاکی یاسایەکی لەو جۆرە تەرخان بکات، تا ئێستا رەشنووسەکە لە پەرلەمانە و کاری لەسەر نەکراوە .

*** دژایەتیکردنی گەندەڵی یەکێکە لە ئامانجەکانی کابینەی نۆیەم و سەرۆك وەزیران لە دوای ١٠٠ رۆژ کارکردنی ئەم کابینەیە رایگەیاند: «توانیومانە گەندەڵی لە شوێنی خۆی رابگرین»، ئێوە لەم بارەوە چۆن لە بەرەوپێشچوونەکان دەڕوانن و پێتان وایە حکومەت دەتوانێت بە دیاریکراوی چی بکات؟**

- لە راستیدا ئەوەی کراوە، سەرەتایەکی باش بووە و جێگای دەستخۆشییە، هەڵبەتە پرسی راگرتنی گەندەڵی، یان بنبڕکردنی گەندەڵی، حکومەت بە دوو جۆر دەتوانێت جێبەجێی بکات؛ لە رووی بەهێزکردنی چاودێریی ناوخۆیی و لە رووی چارەسەرکردنی پرسی وەزیفەی گشتی و بچووککردنەوەی قەبەی دامەزراوەی حکومەتەوە، ئێمە لە ٢٠١٢ و ٢٠١٣ نووسراومان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکردۆتەوە، بەوەی کوردستان پێویستی بە حکومەتێك نییە لە ٢٠ وەزارەت پێك بێت، یان پێویستی بە پەرلەمانێك نییە ١١١ ئەندام پەرلەمانی هەبێت، جێبەجێکردنی ئەم داواکارییەش پێویستی بە رێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی پێکهێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و دیراسەتکردن هەیە، چونکە دەرئەنجام دەبێت تا رادەیەکی زۆر ئەو هەڵئاوسانەی ناو کەرتی گشتی چارەسەر بکرێت و، پەنا بۆ دامەزراندنی زیاتر نەبەین و کێشەکەمان گەورەتر نەکەین.

*** دیارە ئێوە وەك دامەزراوەیەك تەنیا کارتان بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە نییە، بەڵکو بەشی گرنگی کارەکانتان هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ گەندەڵی دابنرێت، خۆشتان دەزانن بەشێك لە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان خۆیان بواریان بۆ گەندەڵی رەخساندووە، ئایا تاچەند لەسەر پرسی هەموارکردنەوەی یاساکان کارتان کردووە، بە رای ئێوە چەند یاسای هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە؟**

- خۆی لەخۆیدا دەبێت هەموو یاسا و رێنمایی و پەیڕەوەکان بە چاوێکی رەخنەگرانە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، ئەمە بەشێکی کاری حکومەتە و بەشێکی دیکەی کاری ئەنجومەنی شورا و پەرلەمانە، هەندێکیشی کاری ئێمەیە کە دەتوانین وەکو پێشنیار بۆ دەرکردنی هەندێك یاسا ئامادەی بکەین، چونکە بۆ رێگرتن لە گەندەڵی دەبێت رێکارە ماددی و یاسایی و مرۆییەکان بگیرێتەبەر، دەبێت ئەو بارودۆخانەی کە هۆکارن بۆ بەرهەمهێنانی گەندەڵی بنبڕیان بکەین، وەکو یاسای وەبەرهێنان کە کاتی خۆی یاسایەکی باش بوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵەو چڕبوونەوەی یاساکە لە کەرتی خانووبەرە پێویستی بە چاوخشاندنەوە و هەموارکردنەوە هەیە، هەر کەلەبەرێکیش رێخۆشکەر بێت بۆ گەندەڵی، دەبێت ئەو یاساو رێنماییانە هەموار بکرێنەوە، هەروەها دەبێت چاوخشاندنەوە بە گرێبەستەکانیشدا بکرێت. وەکو ئاشکرایە حکومەت لە قۆناغە جیاجیاکاندا کۆمەڵێك گرێبەستی واژوو کردووە و پێویستە لەلایەن حکومەت و دیوانی چاودێری و دەستەی دەستپاکی چاوخشاندنەوە بە هەموو ئەو گرێبەستانەدا بکرێت، دەرئەنجامی چاوخشاندنەوەش بە گرێبەستە گشتییەکان لەپێناو رەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتییە.

**کاتێک کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی کوردستانێکی بەهێز دەکات و جەخت لەسەر ئەم بوارە دەکاتەوە، دەبێت هێزە سەرەکییەکە سەروەریی یاسا بێت**

**تا ئێستاش دیاردەکانی زێدەڕۆیی لەسەر موڵکی گشتی و دیاردەی دەرچوون لە لێپرسینەوە و کۆمەڵێک تاوان لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە و تاوانباران وەکو پێویست سزا نادرێن**

**لە ٢٠١٢ و ٢٠١٣ نووسراومان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکردۆتەوە، بەوەی کوردستان پێویستی بە حکومەتێک نییە لە ٢٠ وەزارەت پێک بێت، یان پێویستی بە پەرلەمانێک نییە ١١١ ئەندام پەرلەمانی هەبێت**

# دیمانەی تایبەت



فیلیپ ئەکێرمان لیبەرمان خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیک و لە ئێستادا پڕۆفیسۆری دیراساتی ئایینی و مێژووە لە زانکۆی ڤاندەربیلت، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئێستای ئیدارەی سەرۆك ترەمپ، بەتایبەتی سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سزا و فشارەکان لە دژی ئێران و چارەنووسی ئەوەی پێی دەوترێت (سەفقەی سەدە) و ئایندەی چەند وڵاتێکی پڕ لە پشێویی ئەم ناوچەیە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

فیلیپ ئەکێرمان لیبەرمان

پڕۆفیسۆری دیراساتی ئایینی و مێژوو لە زانکۆی ڤاندەربیلت بۆ گوڵان:

# بونیادی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ پێکهاتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانیاندا ناگونجێت

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەڕوانن، پێتان وایە ئاراستە و ئاقاری ئەم سیاسەتە بەرەو کوێ دەڕوات؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ پتر پێداگری لەسەر ئاستی ئابووری دەکات، ئەمەش خۆی لە زیادکردنی ڕسوماتی گومرگی و سەپاندنی سزای ئابووریدا بەرجەستە دەکات. ئەوەی پەیوەست بێت بە بواری سەربازییەوە، ئەوا دەکرێت ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئەو ستراتیژیەتەی ئاسایشی نەتەوەیی، کە ئەم ئیدارەیە بڵاوی کردۆتەوە و، تێیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵ دەدات لە ڕێی هاوپەیمانەکانیەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سیاسەتەکانی لە ئاست ئەم ناوچەیەدا جێەجێ بکات.

*** ئێوە ئاماژەتان بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، ئەوەی لەم ڕووەوە بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بە تەواوەتی دەستی لە پرسی بنیاتنانی نەتەوە و پەرەپێدانی دیموکراسی هەڵگرتووە، پێتان وایە هۆکار و پاڵنەری ئەمە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر من وەڵامێکی کورتی ئەم پرسیارە بدەمەوە، ئەوا پێم وایە ئەگەرچی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا لەم ناوچەیەدا کەمتر سەرقاڵە بە پرسی بنیاتنانی نەتەوەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئەمە سیاسەتێکی ڕاگەیەندراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

*** بە شێوەیەکی گشتی، ئایا پێتان وانییە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگییەکی کەمتری بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەیە،**

**ئەمریکا هەوڵ دەدات لە ڕێی هاوپەیمانەکانیەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سیاسەتەکانی لە ئاست ئەم ناوچەیەدا جێەجێ بکات**

**ئەوەی پەیوەست بێت بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەوا ستراتیژیەتی ئەمریکا ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کێشە و قەیرانەکانی ئەم ناوچەیەدا نەکات، بەڵکو پەیوەندی و دەستڕۆیشتوویی خۆی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لەم ناوچەیەدا بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی خۆیان بتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشە و تەنگژانەدا بکەن**

**یەکەم کێشە لە ئێستادا کە ڕووبەڕووی پلانی سەفقەی سەدە بۆتەوە، ئەوەیە کە حکومەتێکی سەقامگیر لەنێو ئیسرائیلدا نییە، تا ئەم پرسەش یەکلا نەبێتەوە، ئەوا زەحمەتە بتوانرێت کاری بۆ بکرێت**

**ئەم پلانی ئاشتییەی کە پێشنیار کراوە، نابێتە هۆی ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل چارەسەر و یەکلا بکاتەوە**

**ڕەنگە وا لێک بدرێتەوە کە ئەوەی تورکیا دەیکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ڕەنگە ئەمە دژ و پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ناتۆش بێت**

**بە چەشنێک کە ئێستا ئیدارەی سەرۆک ترەمپ بایەخێکی کەمتر بەم ناوچەیە دەدات؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگرین کە ئەمریکا سەرقاڵە بە چەند بەرەیەکی ڕووبەڕووبوونەوەوە، بۆ نموونە سەرقاڵە بە بارگرژییەکانی لەگەڵ چیندا، بە هەمان شێوە لەگەڵ ڕووسیادا. بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەوا ستراتیژیەتی ئەمریکا ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کێشە و قەیرانەکانی ئەم ناوچەیەدا نەکات، بەڵکو پەیوەندی و دەستڕۆیشتوویی خۆی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لەم ناوچەیەدا بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی خۆیان بتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشە و تەنگژانەدا بکەن. ئەمەش دەرفەت و بوار دەدات بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانێت هەوڵ و تەرکیزی چڕ بکاتەوە بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشە و ناکۆکییەکانی بەشەکانی دیکەی جیهاندا.

*** بەڵام ئەگەر بە دیاریکراوی باسی سیاسەتی ئیدارەی سەرۆک ترەمپ بکەین لە ئاست وڵاتی ئێراندا و ستراتیژیەتی هەڵمەتی ئەوپەڕی فشار لەبەرچاو بگرین، کە دژی ئەو وڵاتە پیادەی دەکات، ئایا پێت وایە ئەم ستراتیژییەتە لە بەدیهێنانی ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانیدا سەرکەوتوو بووە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەوە نهێنییەک نییە بیدرکێنین، کاتێک بڵێین سەرۆک ترەمپ خۆشحاڵ نەبوو بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا کە سەرۆک باراک ئۆباما پشتیوانی لێ دەکرد، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕێچکەیەکی جیاوازی لە ئاست ئێراندا گرتەبەر، کە ئێمە دەبێت گرتنەبەری ئەم هەڵمەتی ئەوپەڕی فشارەش هەر لەم چوارچێوەیەدا سەیر بکەین و لەبەرچاوی بگرین.

*** پێویست بوو ئیدارەی سەرۆک ترەمپ چ سیاسەتێکی لە ئاست ئێراندا بگرتایەتەبەر، کە پتر کارا بووایە؟**

- لە ڕاستیدا من خۆم لە پێگەیەکدا نابینم کە بتوانم ڕاسپاردەم هەبێت و بڵێم دەبوو ئەمریکا ئەم ڕێچکەیەی بگرتایەتەبەر، یان سیاسەتێکی جیاوازتری پیادە بکردایە.

*** ئەگەر باس لە کێشەیەکی دیکەی درێژخایەنی ئەم ناوچەیە بکەین، کە بریتییە لە ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل، ئەوا بەم دواییە سەرۆک ترەمپ دوای چاوەڕوانییەکی زۆر پلانی ئاشتیی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ڕاگەیاند، کە بە سەفقەی سەدە دادەنرێت، ئایا پێت وایە جێبەجێ دەکرێت، یان چارەنووسی شکست و پشتگوێخستن دەبێت؟**

- یەکەم کێشە لە ئێستادا کە ڕووبەڕووی پلانی سەفقەی سەدە بۆتەوە، ئەوەیە کە حکومەتێکی سەقامگیر لەنێو ئیسرائیلدا نییە، تا ئەم پرسەش یەکلا نەبێتەوە، ئەوا زەحمەتە بتوانرێت کاری بۆ بکرێت. کێشەی دووەم ئەوەیە کە ئاشکرایە فەلەستینییەکان خۆشحاڵ نین بەو پێشنیارەی سەرۆک ترەمپ خستیەڕوو، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەربەست و ئاستەنگێکی دیکە دروست دەکات، کە دەبێت کار بکرێت بۆ زاڵبوون بەسەریدا. لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەی وتران، ئەوا تێڕوانینی من ئەوەیە کە ئەم پلانی ئاشتییەی کە پێشنیار کراوە، نابێتە هۆی ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل چارەسەر و یەکلا بکاتەوە.

*** ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ناتواندرێت چارەسەری ئەم ناکۆکییە بکرێت، ئایا پێتان وایە دەکرێت لە ئایندەیەکی دووردا هاوکار بێت بۆ ئەو چارەسەرەی کە بوونی دەوڵەتێکی فەلەستینی لەپاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا لەخۆ دەگرێت؟**

- من بۆچوونەکەی خۆم دووپات دەکەمەوە، کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم پلانە هەڵگری چارەسەر نییە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ناکۆکییە، نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ناکۆکییەکی یەکجار ئاڵۆزە و بڕینی چەند بەربەستێش هەم لەلای ئیسرائیل و هەم لای فەلەستینییەکانەوە پێویستە بۆ گەیشتن بە چارەسەر و هێنانەئارای ئاشتی لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا.

*** ڕاستە ناتواندرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە ئەم کێشەیە ئاڵۆزە، بەڵام ئێمە دەزانین ئەم ناوچەیە بەدەست چەندین کێشەی دیکەوە دەناڵێنێت، بەتایبەتی ئەگەر دۆخی سووریا لەبەرچاو بگرین، کە بەم دواییە تورکیاش ڕاستەوخۆ دەستێوەردانی لەو وڵاتەدا کردو ئێستا ئەم دوو وڵاتە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم پەرەسەندنانە چییە؟**




- ئێمە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە تورکیا لە پەیوەندی بە ئاسایشی ناوخۆی وڵاتەکەیەوە رووبەڕووی چەندین تەحەددی بۆتەوە، بەتایبەتی بەهۆی ئەوەی لە باکووری سووریا دەگوزەرێت، لەم روانگەیەوە رەنگە وا لێك بدرێتەوە کە ئەوەی تورکیا دەیکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە رەنگە ئەمە دژ و پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ناتۆش بێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت، دەبێت ئەو وڵاتە کار بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی بکات.

*** کەواتە پێت وایە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن تورکیا لەنێو خاکی سووریادا دەمێنێتەوە؟**

- هەروەك ئاماژەم پێ کرد، تورکیا رووبەرووی تەحەددیی پەیوەست بە ئاسایشی ناوخۆی وڵاتەکەی بۆتەوە و دەیەوێت لە رێی جووڵەکردنەوە بەرەو سووریا بەرەنگاری ئەم تەحەددییانە ببێتەوە.

*** وڵاتێکی دیکە کە بە دەست چەندین کێشەی قورسەوە گرفتارە، وڵاتی عێراقە، کە ئێستا پشێوییەکی تەواو باڵی بەسەر بارودۆخەکەیدا کێشاوە و خۆپیشاندانەکانیش بەردەوامن، ئایا چۆن لە ئایندەی ئەم وڵاتە دەڕوانن و پێتان وایە دۆخەکە بەرەو کوێ دەچێت؟**

- من تەمەننام دەکرد کە بتوانم شتێکی باش لەم بارەیەوە بڵێم، چونکە بە راستی دۆخی عێراق ئاڵۆزە، هەروەك دەزانین پێکهاتەکانی کورد و شیعە و سوننە لەم وڵاتەدا هەن و ئەمەش وای کردووە هێنانەئارا و پاراستنی دۆخێکی پڕ لە ئاشتی کارێکی ئاسان نەبێت، بە راستییش من نازانم ئایا بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی لەم وڵاتەدا چارەسەری درێژخایەن چییە.

*** ئەی پێت وایە ئەم وڵاتە بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە، یان چارەنووسی دابەشبوون و پارچە پارچە بوونە؟**

- ئەوەی من دەکرێت لەم بارەیەوە بیڵێم، ئەوەیە کە کاتێك دەوڵەتان لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کران، ئەوا وەك پێویست پێکهاتەی ئایینی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانە لەبەرچاو نەگیرا، کە دەکرێت ئاماژە بە وڵاتانی سووریا و عێراق و ئێران بکەین، کەواتە رەنگە پێشنیاری ئەوە بکرێت کە چارەسەری درێژخایەنی ناسەقامگیری لە عێراقدا دابەشبوونی بێت بەسەر پێکهاتەکانیدا، هەرچەندە وڵاتێکی وەك لوبنان سەرەڕای بوونی پێکهاتەی ئایینیی جیاواز، تا رادەیەك سەقامگیر بووە، بە هۆی بونیادی حکومەتەکەیەوە، کەواتە هەردوو رێگاکە لە ئارادان.

**رەنگە پێشنیاری ئەوە بکرێت کە چارەسەری درێژخایەنی ناسەقامگیری لە عێراقدا دابەشبوونی بێت بەسەر پێکهاتەکانیدا**




یانیس ستیڤاچتیس پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی تەکنیکی ڤیرجینیا، وانەبێژ و توێژەری چەند بابەتێکی گرنگە، لە نێویاندا ستراتیژیەتی یەکێتیی ئەوروپا، پەیوەندییە دەرەکییەکان و سیاسەتە ناوخۆییەکان، ڕێکخراوە ئەوروپییەکان، پەرەسەندنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، سیستەمی جیهانی و نێودەوڵەتی، دیراسەتی سیستم و کۆمەڵگە لە ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی نێودەوڵەتی. گوڵان لە دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە تەوەرەکانی پتر پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاستی ئەم ناوچەیەدا، بەتایبەتی پرسی ئەوەی کە ئایا ئەم ناوچەیە تا چ رادەیەك بە ئەندازەی رابردوو جێی بایەخ و گرنگیدانی ئەمریکایە. لەگەڵ پەرسەندنە نوێیەکانی ئەم ناوچەیە، وەك دۆخی سووریا و ئەگەری ئاڵۆزبوونی زیاتری رەوشی ئەو وڵاتە.

## یانیس ستیڤاچتیس

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی تەقەنی ڤیرجینیا بۆ گوڵان:

# ئەمریکا توانای بردنەوەی شەڕی هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئاشتی دەدۆڕێنێت

*** وەك کەسێکی شارەزای کاروباری ئەمنیی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چۆن لە هەلومەرجی ئێستای ئەم ناوچەیە دەڕوانیت و چۆن لە سیاسەتی ئێستای ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە دەڕوانیت، بەتایبەتی کە باس لەوە دەکرێت چیتر ئەم ناوچەیە وەك رابردوو جێی گرنگپێدانی ئەمریکا نییە، دوای ئەوەی سەرۆك ترەمپ رایگەیاند کە وڵاتەکەی لە رووی وزەوە پێداویستییەکانی خۆی دەستەبەر دەکات؟**

- لە راستیدا من پێم وانییە ئەمە تێڕوانینی دیاریکراو و تایبەتیی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە ئیدارەی باراك ئۆباما بوو، کە پێی وابوو ئایندەی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، بەڵکو دەبێت ئەمریکا چەقی بایەخپێدانی بەرەو ئاسیا و زەریای هێمن چڕ بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی ئێستای ئەمریکا بایەخ بە هێنانەئارای جۆرێك لە سەقامگیری دەدات لەو ناوچەیەدا، ئەگەرچی رەنگە جۆر و ئەندازەی بایەخپێدانەکەی بەراورد بە گرنگیدانی بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاواز بێت. هەرچەندە لە ئێستادا ئەمریکا زۆر کات و کۆششی خۆی بە ئێرانەوە سەرقاڵ کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لە دوای هەوڵەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران، یەکێکی دیکە لە ئەولەوییەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلە.

**ئەوە ئیدارەی باراک ئۆباما بوو، کە پێی وابوو ئایندەی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، بەڵکو دەبێت ئەمریکا چەقی بایەخپێدانی بەرەو ئاسیا و زەریای هێمن چڕ بکاتەوە**

*** ئێوە خاوەنی چەندین کتێبن لە بارەی مەسەلە ئەمنییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، کە یەکێکیان پەیوەستە بە پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت و ئاکامەکەی لەسەر هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ بنیاتنانی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا، بەڵام دەبینین سەرۆك ترەمپ باس لەوە دەکات کە وڵاتەکەی کات و خەرجییەکی زۆری بۆ ئەم**

**ناوچەیە تەرخان کردووە و نە دیموکراسی و نە سەقامگیریشی بەدی نەهێناوە، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، ئێمە لەو کتێبەدا باسمان کردووە، کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ویستوویەتی هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ بنیاتنانی دەوڵەت و نەتەوە لەم ناوچەیەدا، ئەوا ئەم ئەرکەی بە سوپای وڵاتەکەی سپاردووە، واتە بە رادەیەکی کەم ئەم بەرپرسیارێتییەی رادەستی دامەزراوە مەدەنییەکانی کردووە، چونکە کێشەکە ئەوەیە کە سوپا بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی لەم چەشنە مەشق و راهێنانی پێ نەکراوە و بگرە بۆ ئەم مەبەستەش ئامادە نەکراوە، کەواتە رەنگە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بانگەشە بۆ بنیاتنانی ئاشتی و بنیاتنانی دەوڵەت بکات، بەڵام پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە: ئایا کێ ئەم ئەرکە رادەپەڕێنێت؟ ئێمە دەزانین کە پێشتر بەریتانیای مەزن کە ئیمپراتۆرییەت بوو و لەم ناوچەیەدا باڵادەست بوو، پتر هێز و توانای دیپلۆماسیی بەکاردەهێنا، بەڵام ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە لە بری خستنەگەڕی هەوڵی دیپلۆماسی پتر پەنا بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەبات.

*** کەواتە بە باوەڕی ئێوە کێشەکە لەوەدا نییە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە یەکجاری دەستی لە پرسی بنیاتنانی نەتەوە و دەوڵەت لەم ناوچەیەدا هەڵگرتووە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەمریکا نەیتوانیوە رێگاچارە و شێوازی گونجاو بۆ هێنانەئارا و بەدیهێنانی ئەم ئامانجە بگرێتەبەر؟**

- هەروەك ئاماژەم پێ کرد، کێشەکە ئەوەیە کە ئەمریکا هێندە بەهێزە کە زیاتر مەیلی ئەوەی هەیە هێزە سەربازییەکەی بخاتەگەڕ، نەك توانا دیپلۆماسییەکەی. لە کاتی گفتوگۆکانمدا لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا هەمیشە باسی ئەم پرسە دەکرێت، بەڵام ئەوەی ئەوان ئاماژەی پێ دەکەن، ئەوەیە کێ پێیان بڵێیت و چۆن ئەم ئەرکە ئەنجام بدەن. کەواتە رەنگە ئەوان لە رووی تیۆرییەوە ئەم ئەرکە بخرێتە ئەستۆیان، بەڵام نازانن لە روی پراکتیزەوە ئەمە چۆن پیادە بکەن. خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت لەم رووەوە ئاماژەی پێ بکەم، دوودڵی ئەمریکایە لە بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەی کە لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دابین و دەستەبەر دەکرێن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا خوڵقێنەری کێشەیە، هەر لەبەر ئەمەشە زۆرجار دەوترێت ئەمریکا توانای بردنەوەی شەڕی هەیە، بەڵام ناتوانێت ئاشتی بباتەوە. کەواتە راستە ئەمریکا داهاتی خۆی لەم شەڕانەدا خەرج دەکات و خەڵکی مەدەنییش دەکوژرێن و سەربازەکانی خۆشی دەبنە قوربانی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە سوپای ئەمریکا نازانێت چۆن ئەم ئەرکە (بنیاتنانی نەتەوە و دەوڵەت) جێبەجێ بکات. لە ئێستاشدا دەبینین کە سەرۆك ترەمپ باس لەوە دەکات کە چیتر ئەمریکا نایەوێت ئەرکێك لە بری نەتەوەکانی دیکە ئەنجام بدات.

*** ئێمە دەزانین ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رووی ئەمنییەوە ناوچەیەکی شڵەژاوە و بارێکی پڕ لە پشێوی باڵی کێشاوە بەسەر ئەم ناوچەیەدا، نەك هەر ئەوە، بگرە زۆر جار باس لە ئەگەری هەڵکشانی زیاتری بارگرژییەکان و بگرە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕیش دەکرێت، بەتایبەتی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم پەرەسەندنانە چین؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێرانەوە ئەوا پێم وایە لەو وڵاتەدا هێمنی لە هەڵسوکەوتەکانیدا زاڵە، لێرەدا مەبەستم لە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی نێوان ئەمریکا و ئێرانە، کە هەرچەندە ئەمریکا بانگەشەی کوشتنی چەندین سەربازی ئەمریکیی کرد، وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر کوشتنی قاسم سلێمانی، بەڵام ئەمە راست نەبوو، بگرە ئەمریکاش پێشوەختە ئاگادار بوو، ئامادەکاریشی کردبوو، کەواتە لە ئێستادا ئەوەی بەدی دەکەین زاڵبوونی هێمنییە بەسەر کاردانەوەکانی ئێراندا، هەرچەندە نازانین لە ئایندەدا چی روودەدات.

*** کەواتە پێت وایە ئەمریکا دەتوانێت لە رێی سزا سەختە ئابوورییەکانەوە ئەوەی خۆی بە هەڵمەتی ئەوپەڕی فشار لە دژی ئێران ناوزەدی کردووە، بتوانێت ئامانجەکانی خۆی لە ئاست ئەو وڵاتەدا بەدی بهێنێت؟**

**ئەمریکا لە دوای هەوڵەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران، یەکێك لە ئەولەوییەتەکانی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلە**

**کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ویستوویەتی هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ بنیاتنانی دەوڵەت و بنیاتنانی نەتەوە لەم ناوچەیەدا، ئەوا ئەم ئەرکەی بە سوپای وڵاتەکەی سپاردووە**

**ئەمریکا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە لە بری خستنەگەڕی هەوڵی دیپلۆماسی پتر پەنا بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەبات**

**ئەمریکا داهاتی خۆی لەم شەڕانەدا خەرج دەکات و خەڵکی مەدەنییش دەکوژرێن و سەربازەکانی خۆشی دەبنە قوربانی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە سوپای ئەمریکا نازانێت چۆن ئەم ئەرکە (بنیاتنانی نەتەوە و دەوڵەت) جێبەجێ بکات**



- لە راستیدا ئەگەر باس لەو سزا ئابوورییانەش بکەین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەپاندونی بەسەر ئەو وڵاتەدا، ئەوا دەبێت ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین کە ئابووریی ئێران بە شێوازێکی جیاواز بونیاد نراوە، بە دڵنیاییەوە لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ئەو سزایانە هیچ کاریگەرییەکیان نییە، بەڵام ئەو سزایانە ئەو دەرئەنجامەیان لێ نەکەوتۆتەوە کە ئەمریکا خوازیاری بەدیهاتنیان بووە. هەرچۆنێك بێت، دەکرێت بارگرژییەکان لەم ناوچەیەدا بەرەو هەڵکشان بچن، بەتایبەتی کە ئێمە دەبینین گرژی و ناکۆکی لە نێوان ئێران و عەرەبستانی سعودیەدا هەیە و ئەمەش نائارامی و ناسەقامگیری دروست دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانین بڵێین لە ماوەی رابردوودا ئێمە توانیمان خۆمان لە رووداو و پەرەسەندنێکی کارەساتبار لابدەین، ئەمەش بەهۆی هەڵوێستی ئێرانەوە بوو، هەرچەندە نازانین لە داهاتوودا چی روو دەدات.

*** ئەی چۆن لە دۆخی سووریا دەڕوانیت، بەتایبەتی کە دەبینین هێزەکانی چەند وڵات دەستێوەردانیان لەو وڵاتەدا کردووە، بەتایبەتی هێزەکانی رووسیا و تورکیا کە ئەگەر بێت و دۆخەکە لەوە ئاڵۆزتر بێت، رەنگە هێزی دیکەش رابکێشرێتەوە نێو شەڕەکەوە، خوێندنەوەی ئێوە بۆ بارودۆخەکە چییە؟**

- ئەوە راستە کە هێزەکانی تورکیا و رووسیا زۆر لێك نزیکن، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە تورکیاوە ئەوا ئەو وڵاتە خۆی خستۆتە بارێکەوە کە بتوانێت چەندین دەستکەوت لە ئەمریکا بەدەست بهێنێت، هەرچەندە من ناڵێم پەرەسەندنەکان دەگەنە ئەوەی کە هێزەکانی تورکیا و رووسیا بکەونە نێو ناکۆکی و شەڕەوە. لایەنێکی دیکەی پەرەسەندنەکان ئەوەیە کە لە ماوەی رابردوودا دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە رووسیا ئیعتیراف بە بەشە تورکییەکەی قوبرس بکات، کەواتە کاتێك ئەم پرسە لەبەرچاو دەگرین و لەوە دەڕوانین کە دەوڵەتێکی ئەندامی رێکخراوی ناتۆ سیستمێکی بەرگری ئاسمانیی پێشکەوتوو لە رووسیا بکڕێت، ئەوا رەنگە ئەگەری ناکۆکی و پێکدادان لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا دوور بێت.

**دەکرێت بارگرژییەکان لەم ناوچەیەدا بەرەو هەڵکشان بچن، بەتایبەتی کە ئێمە دەبینین گرژی و ناکۆکی لە نێوان ئێران و عەرەبستانی سعودیەدا هەیە و ئەمەش نائارامی و ناسەقامگیری دروست دەکات**



نەوزاد ئەدهەم

بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی هەرێم بۆ گوڵان:

# لە بەرنامەی حکومەتدایە گرنگییەکی زیاتر بە کوالیتی کۆنترۆڵ بدرێت و چالاکتر بکرێت

# رێنمایی نوێ بۆ بنبڕکردنی خراپ ئەمبارکردنی کاڵا و خواردن و پێداویستییەکان دەرچووە

**کەرتی بازرگانی و کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و نرخەکان بابەتێکی گرنگ و هەستیارە و، لە دۆخی ئابووریی کوردستاندا ئەم بابەتە زۆر ئاڵۆزە و هەندێك جار کۆنترۆڵکردنی ئەو کاڵاو کەلوپەلانەی دێنە هەرێمی کوردستانەوە، کارێکی ئاسان نابێت، چۆنێتیی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی تایبەت بە بازرگانیی گشتی و بازرگانیی ناوخۆ و دواگۆڕانکارییەکانی تایبەت بە بەشە خۆراکی هاووڵاتیان و وەرگرتنی گەنمی جووتیاران، تەوەرەی سەرەکیی دیداری گوڵان بوون لەگەڵ نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی هەرێم؛ لێرەدا دەقی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** کەرتی گشتیی بازرگانیی لە هەرێمی کوردستاندا بوارێکی فراوان و گرنگ لەخۆ دەگرێت، ئایا سنووری دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بازرگانی چییە و بەگشتی رەوشی جموجوڵی بازرگانی و بازاڕ چۆنە؟**

- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانی سەر بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییە و بوارێکی زۆر فراوان و هەستیار لەخۆ دەگرێت، ئەویش بازرگانێتیی دەرەکی و ناوخۆییە کە پەیوەندییەکی گرنگی بە ئابووری و بواری بژێویی ژیانی خەڵکەوە هەیە، هەر بۆیە ئەرك و سنووری دەسەڵاتەکانی کارکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان زۆر فراوانە، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتیی بازرگانی دەرەوە مۆڵەت دەداتە بازرگانەکان بۆ ئەوەی خۆراك و کاڵا و پێداویستیی جۆراوجۆر لە دەرەوەی وڵات بهێنن، هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی بازرگانیی ناوخۆ کە سەرپەرشتیی ١٧ فەرمانگە دەکات، بەڕێوەبەرایەتیی پێشانگاکان و خزمەتگوزارییە بازرگانییەکانیش کە تایبەتە بە پێدانی مۆڵەتی هاوردە و هەناردە نزیکەی ٣٠٠٠ کۆمپانیامان لەم بوارەدا تۆمار کردووە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی ئارد و سایلۆ و پسوولەی خۆراکیشمان هەیە. سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەشتان کە تایبەتە بە گەشەی کەرتی بازرگانی و کۆنترۆڵکردنی ئەم بوارە گرنگە، لە ئێستادا رەوشی بازرگانی و بازاڕ جموجووڵێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی داعش و ئازادکردنی مووسڵ و شارەکانی دیکەی عێراق، چونکە ٧٥٪ی ئەو کاڵا و شمەکانەی دێنە ناو هەرێمەوە، بەرەو ئەو شارانە دەنێردرێن و تەنیا ٢٥٪ی بۆ نێوخۆی هەرێمی کوردستانە. سەبارەت بە رەوشی بازرگانیی ناوخۆ و بازاڕەکانی کوردستان، ئێمە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەی تایبەتمەند و پسپۆڕین، کە زۆربەی کاروبارەکانیان بەستراونەتەوە بە بەغداوە، بەڵام لە رووی فەرمانبەران و بەرزکردنەوەی پلەو پۆستەوە سەر بە هەرێمی کوردستانن، بەتایبەتی لە بوارەکانی وەرگرتنی گەنم و بە بازاڕکردنی گەنم و سایلۆکان و پسوولەی خۆراکەوە. هەروەها لە رووی تاریفەی گومرگی و بازرگانیی نێودەوڵەتییەوە لە گفتوگۆ و دانوستانەکانی نێوان هەرێم و عێراق ئەم بوارە رێکخراوە و، تەنیا هەندێك بواری تایبەتمەند بە رۆژمێری کشتوکاڵییەوە هەیە، جیاوازیی تێدا دەکرێت، بۆ نموونە وەرزی بەرهەمهێنانی تەماتە لە هەرێمی کوردستان و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق جیاوازە، هەر بۆیە لێرە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ پاڵپشتیی بەرهەمی ناوخۆیی چەند رێنمایی و بڕیارێك دەردەکات، کە لە بەرژەوەندیی جووتیارەکانی کوردستانە.

*** باسی باشبوونی دۆخی ئاڵوێری بازرگانیت کرد؛ ئایا قەبارەی ئاڵوێری بازرگانیی هەرێم لەگەڵ هەریەك لە وڵاتانی تورکیا و ئێران چەندە؟**

- لە دوای شەڕی داعش و ئازادکردنەوەی شاری مووسڵ و ناوچەکانی دیکەی عێراق کە ناوچەیەکی فراوانە و یەك لەسەر سێی خاکی عێراق بووە، جموجووڵێکی باشی بازرگانی

**جێبەجێکردنی هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی دوای شەڕ کاریگەریی زۆری لەسەر زیادبوونی هێنانی کاڵاو پێداویستییەکان لە دەرەوەی هەرێم هەبووە**

**وڵاتی ئێران خۆی ڕێگا نادات، هەندێک کاڵاو پێداویستی هاوردەی کوردستان بکرێت، چونکە لە ناوخۆدا بەهۆی گەمارۆی ئابوورییەوە هاووڵاتیانی خۆی پێویستیان پێیەتی**

**بەبازاڕکردنی گەنم و بڕی ئەو گەنمەی لە سەرجەم پارێزگاکان وەردەگیرێت، جێگای نیگەرانییەکی زۆری ئێمەیە، چونکە حکومەتی عێراق بڕی ئەو گەنمەی لە جووتیارانی هەرێم وەریدەگرێت، تەنیا بڕی ١٢,٦٧٪ی داناوە، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر ١٧٪ بوو، ئەمەش غەدرێکی گەورەیە لە هەرێمی کوردستان کراوە**

لەسەر سنوورەکان دەستی پێ کردووە، چونکە جێبەجێکردنی هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی دوای شەڕ کاریگەریی زۆری لەسەر زیادبوونی هێنانی کاڵاو پێداویستییەکان لە دەرەوەی هەرێم هەبووە، بەتایبەتی لە دەروازەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیادا، کە بەشێوەیەکی خەمڵێنراو لە ساڵی رابردوو ١١ ملیار دۆلار بووە، لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠١٨ ئەو بڕە ١٢ ملیار دۆلار بووە، ئەمەش بە هۆی بایکۆتکردنی کاڵاو شمەکی تورکییەوە کەمی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم قەبارەی ئاڵوێرە بۆ هەرێمی کوردستان بەرزە، لە لایەکی دیکەوە ئاڵوێری بازرگانی لەگەڵ ئێراندا کە بە پلەی دووەم دێت و وێڕای گەمارۆی ئابووری لە سەر ئەو وڵاتە، بەڵام تا رادەیەك جموجوڵی بازرگانی لەگەڵ ئێراندا باشە و گەیشتۆتە نزیکەی شەش ملیار دۆلار، هەرچەندە وڵاتی ئێران خۆی رێگا نادات، هەندێك کاڵاو پێداویستی هاوردەی کوردستان بکرێت، چونکە لە ناوخۆدا بەهۆی گەمارۆی ئابوورییەوە هاووڵاتیانی خۆی پێویستیان پێیەتی، سەبارەت بە بازرگانێتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان، هەرچەندە ئێمە خاوەنی دەروازەیەکی فەرمی نین، بەڵام لە رووی ترانزێت و ناردنی خۆراك و پێداویستی، بەتایبەتی لە نێوان دەروازەی پەروێزخان لە ئێران و فیشخابوور لە رۆژئاوای کوردستان - سووریا هەیە، بەڵام زیاتر لێرەوە شمەك دەڕوات، ئەوەی لەوێوە دێت زیاتر ئاسن و مس و ئەو کاڵاو شمەکانەیە کە بەهۆی شوێنەواری شەڕەوە لەوێ زۆرن.

*** هەر سەبارەت بە بارزگانیی دەرەکی و کۆنترۆڵکردنی دەروازەکان، تاچەند لە ئەداو توانای کوالێتی کۆنترۆڵ رازین؟ ئایا لە بەرنامەتاندا نییە گرنگییەکی زیاتر بەم بابەتە گرنگە بدەن؟**

- وەزارەتی دارایی هەرێم بۆ کۆنترۆڵکردنی چاودێری و بەدواداچوونی هێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، گرێبەستێکی لەگەڵ چوار کۆمپانیای کەرتی تایبەت کردووە، بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی دەروازەکان، بەپێی ئەو گرێبەستە بێت ئەو کۆمپانیانە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کاری پشکنین و بەدواداچوونی کاڵاو شمەکی هێنراو، لە بەرنامەی وەزارەت و ئەم کابینەیەشدایە گرنگییەکی زیاتر بە کوالێتی کۆنترۆڵ لە هەرێمی کوردستان بدرێت و چالاکتر بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتەکەمان بە نووسراوی فەرمی داوای بەهێزکردنی کوالێتی کۆنترۆڵی کردووە.

*** ئایا دۆخی سایلۆکانی کوردستان چۆنە و لە توانادا هەیە بۆ ساڵی ئایندە هەموو ئەو گەنمەی بەرهەم دەهێندرێت، لە جووتیارەکان وەربگیرێت؟**

- لە هەولێر یەك سایلۆمان هەیە، ئیش دەکات و سایلۆیەکی دیکەش لە قوشتەپە لە ژێر جێبەجێکردندایە و لە دهۆك سایلۆی فایدە و زاخۆ و شێخانمان هەیە، لە بەردەڕەشیش لە رۆڤیا سایلۆیەکی دیکە لە ژێر جێبەجێکردندایە و جاریٚ تەواو نەبووە، لەپارێزگای سلێمانیش چوار سایلۆمان هەیە کە بریتین لە سایلۆی پیرەمەگروون و سەیدسادق و رانیە و چەمچەماڵ، لە ئیدارەی گەرمیانیش لە ناوچەیەکدا کە پێی دەوترێت (بەردەسوور) سایلۆیەکمان هەیە و لەژێر جێبەجێکردندایە، سەرجەم ئەم سایلۆیانە چەند شوێنێکی هەیە پێی دەوترێت بەنکەر، واتا ئەگەر سایلۆکە پڕ بوو لەو بەنکەرانە گەنمی جووتیاران هەڵدەگیرێت و هەر بەنکەرێك ٢٥٠٠ تۆن گەنم لەخۆدەگرێت، بەڵام ناوەندی بڕیار و کارەکان هەمووی لە بەغداوە بە نووسراوی فەرمی و بەپێی توانای کارکردن و ئیشپێکردن و ئەمبارکردن بۆمان دێت، لە تەواوی عێراق و بە کوردستانیشەوە، ئەو ئاشانەی بۆ ئارد کار دەکەن، خاوەنی گرێبەستی ساڵانەن و هەموو ساڵێك گرێبەستەکانیان نویٚ دەکەنەوە و بە گوێرەی گرێبەستەکە و توانای ئیشپێکردنی سایلۆکە و هێڵی بەرهەمهێنانیان، مانگانە بڕێك گەنمیان بۆ دیاری دەکرێت و دەچن لە سایلۆ وەری دەگرن و دەیبەنە ئاش و لەوێوە دەدرێتە بەڕێوەبەرایەتییەکی دیکە، کە پێی دەوترێت دروستکراوی دانەوێڵە، کە تایبەتە بە سەرپەرشتیکردنی ئاشەکان و دابەشکردنی ئارد بە کۆبون و، لەوێوە دەدرێتە بریکارەکان و بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشی دەکەن. سەبارەت بە وەرگرتنی بەشە گەنمی جووتیارانیش وەکو ئاشکرایە جەنابی وەزیری کشتوکاڵی هەرێم سەردانی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی کردو، لە نزیکەوە گفتوگۆ و دانوستانیان لەسەر زیادکردنی رێژەی ئەو بەشە گەنمە کرد، کە عێراق ساڵانە لە پارێزگاکانی کوردستان وەریدەگرێت، ئەم مەسەلەیە زیاتر لە لای هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم و عێراقە کە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و ئەندامێتیی وەزارەتی پلاندانان و راوێژکاری ئابووری و دارایی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق یەکلا دەبێتەوە، بە

شێوەیەکی گشتی مەسەلەی بەبازاڕکردنی گەنم و بڕی ئەو گەنمەی لە سەرجەم پارێزگاکان وەردەگیرێت، جێگای نیگەرانییەکی زۆری ئێمەیە، چونکە حکومەتی عێراق بڕی ئەو گەنمەی لە جووتیارانی هەرێم وەریدەگرێت، تەنیا بڕی ١٢,٦٧٪ی داناوە، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر ١٧٪ بوو، ئەمەش غەدرێکی گەورەیە لە هەرێمی کوردستان کراوە، ئومێدەوارم بۆ ئەمساڵ ئەو حاڵەتە چارەسەر بکرێت.

*** لە ئێستادا گلەیی و ڕەخنەیەکی زۆر لەسەر کوالیێتی و چەندایەتی ئەو بەشە خۆراکە هەیە، کە وا بڕیارە هەموو مانگێك بدرێت بە هاووڵاتیان، لەمەشدا کەموکورتیی بەرچاو هەیە، ئایا لە ئەمساڵدا بەپێی ئەو زانیارییانەی هەتانە چ هەوڵێك بۆ باشکردنی ئەم بوارە هەیە؟**

- بەڕێوەبەرایەتیی پسوولەی خۆراکمان هەیە و سەر بە بەغدایە و ئەرکی ئەوەیە ئیشوکاری بریکارەکانی خۆراك ڕێك بخات، ساڵانە لیستی فۆرمی خێزانەکان دەنێرێتە لای بریکارەکان و لە پڕۆسەیەکی فراوان و بەردەوامدا ئەم کارە بەڕێوەدەچێت، چونکە بەردەوام گۆڕانکاری بەسەر خێزانەکاندا دێت و لەرووی ژمارەی ئەندامان و گۆڕینی شوێن و گواستنەوەی بریکارەکان دەکرێت، لە ئێستادا تەنیا چوار مادەی شەکر و زەیت و ئارد و برنج دابەش دەکرێت، ئەمە دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا زیاتر لە ١٤ مادده دابەش دەکرا، لە ژمارەی ماددەکانیش کە دێت، لە رووی چەندایەتی و کوالیێتییەوە لێی ناڕازین. سیستەمی دابەشکردنی پسوولەی خۆراك لە ساڵی ١٩٩٧ـەوە بەردەوامە؛ ئەمە وێڕای ئەوەی ساڵانە ئەو بڕە پارەیەی بۆ کڕینی خۆراك تەرخان دەکرێت، کەم دەبێتەوە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٣ بڕی ٤ تریلیۆن و ٩٢٥ ملیار دینار بۆ کۆبوونی خۆراك تەرخان کرابوو، لە ساڵی ٢٠١٩ تەنیا ١ تریلیۆن و ٥٢٠ ملیار دینار بۆ کڕینی خۆراك تەرخان کرابوو، واتا تەنیا یەك لەسەر سێی ئەو پارەیە لەبەردەستدا بووە بۆ کۆبۆنی خۆراك و تادێت ژمارەی ماددەکانیش کەم دەبنەوە، ئەمە وێڕای ئەو سەرپێچی و کەموکورتییانەی کە لەم بوارەدا بەردەوام روو دەدات، هەموو ئەمانەش وایکردووە کە ژمارەی ماددەکان و کوالیێتیی خۆراکەکانی پسولەی خۆراك زۆر خراپ بێت.

*** یەکێك لەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە زۆر باسی لێوە دەکرێت و بۆ ڕاگرتنی باڵانسی نرخ و تەندروستیی هاووڵاتیان و لێپرسینەوەی سەرپێچییەکان گرنگە، بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی بازرگانییە، ئایا لە ئێستادا ئەو بەڕێوەبەرایەتییە چ کارێك دەکات؟**

- لە هەر پارێزگایەکی کوردستان بەڕێوەبەرایەتییەکمان هەیە، کە تایبەتە بە چاودێریی بازرگانی و ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانیی هەرێمەوە هەیە، کاری سەرەکییان چاودێریکردنی بازاڕە لە رووی کاڵا و کەلوپەل و خۆراکی ماوەبەسەرچوو و نرخ و کوالیێتییەوە، لە ئێستادا لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێم ڕێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ ی تایبەت بە کۆگاکردن دەرهێنراوە کە ٢٨ خاڵی ستانداردی جیهانی لەخۆدەگرێت، ئامانجی سەرەکی لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەش زیاتر بۆ بنبڕکردنی خراپ ئەمبارکردنی کاڵاو خواردن و پێداویستییەکانە، سەرەتا هەر کەسێك داوای هاوردەرکردنی کاڵاو کەلوپەل و خۆراك بکات لە دەرەوەی هەرێم، ڕاستەوخۆ فۆڕمی ژمارە ٧ی دەدرێتێ و دەینێرینە چاودێریی بازرگانی تاوەکو لیژنەی تایبەتمەند سەردانی ئەو کۆگایە بکات، کە کاڵاکەی تێدا ئەمبار دەکات و پابەند دەکرێت بە جێبەجێکردنی خاڵە گشتییەکان و دواتر خاڵەکانی تایبەت بەپێی جۆری ئەو کاڵاو کەلوپەلەی دەیهێنێت، بە پێچەوانەوە هەر بازرگانێك پابەندی ڕێنماییەکانی ئەمبارکردنی کاڵاوشمەکەکان نەبێت، مۆڵەتی هێنانی نادەینێ، چاودێریی بازرگانی هەموو دەسەڵاتێکیان بۆ داخستن و لەناوبردنی کاڵا و پێداویستیی خراپ و ماوە بەسەرچوو هەیە، یان هەموو ئەو کاڵاو شمەکانەی بەرواری بەرهەم و بەسەرچوونیان بەدەستی دانراوە، یان بەشێوەی لەزگە بەرواری بەسەرچوونەکەی دانراوە و لێزەری نییە، هەروەها دەسەڵاتی ئەوەمان داوە بە بەڕێوەبەرەکانی چاودێریی بازرگانی بۆ ئەوەی تا یەك ملیۆن دینار سزای سەرپێچیکاران بدات و تا سێ ملیۆن دینار دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتییە و پێنج ملیۆن دینار دەسەڵاتی جەنابی وەزیرە. لەم ماوەیەدا ڕێنمایی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٢٠ی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری ئارایشگاکانیشمان دەرکرد، بۆ ئەوەی چاودێریی توندی ئەو مادده و کەرەستانە بین کە بۆ جوانکاری بەکاری دەهێنن و هەروەها لە رووی سەلامەتیی تەندروستیی کارمەندەکان و نرخی ئارایشگاکەشەوە، پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەت بن.

**لە ئێستادا تەنیا چوار مادەی شەکر و زەیت و ئارد و برنج دابەش دەکرێت، ئەمە دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا زیاتر لە ١٤ مادده دابەش دەکرا، لە ژمارەی ماددەکانیش کە دێت، لە رووی چەندایەتی و کوالیێتییەوە لێی ناڕازین**

**لە ئێستادا لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێم ڕێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ ی تایبەت بە کۆگاکردن دەرهێنراوە کە ٢٨ خاڵی ستانداردی جیهانی لەخۆدەگرێت**

**چاودێریی بازرگانی هەموو دەسەڵاتێکیان بۆ داخستن و لەناوبردنی کاڵا و پێداویستیی خراپ و ماوە بەسەرچوو هەیە**

دیمانەی تایبەت



# شوێنەوار گوزارشت لە شارستانیەت و مێژووی رابردووی هەر گەل و نەتەوەیەک دەکات

شوێنەوار و ئاسەوار لە پێوەرە جەوهەرییەکانی شارستانیەتی هەر وڵاتێکن و کوردستانیش بە شوێنەوار دەوڵەمەندە، بەڵام تا چەند کار بۆ بە جیهانیکردنی کراوە و تا چ ئاستێك توانیویەتی سەرنجی گەشتیاران رابکێشێت، ئەوە پرسێکە بەدواداچوونی پێویستە. ئەمەو تاوتوێکردنی ئەو کێشە و گرفت و کۆسپانەی لە بەردەم شوێنەواری کوردستانن و هەر وەها ئەوەی کە تا چەند لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ بەو بوارە دراوە، تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گوڵان لەگەڵ کەیفی مستەفا عەلی بەڕێوەبەری گشتیی شوێنەواری هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن.

کەیفی مستەفا عەلی

بەڕێوەبەری گشتیی شوێنەواری هەرێم بۆ گوڵان:

# یەکێک لە کێشەکانمان ئەوەیە کە یاسایەکی تایبەت بە شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستانمان نییە

*** کۆلێژی شوێنەوارناسی لە سەردەمی حوکمڕانیی بەعس لە عێراقدا، تایبەتمەندییەکی سیاسی هەبوو، لە ئاستی ئەو کۆلێژانە حیسابی بۆ دەکرا، کە حکومەتی بەعس بە بەشێك لە ئاسایشی نیشتمانی لە قەڵەمی دەدا، هەروەها ئەم کۆلێژە هەتا دوای ساڵی ١٩٩١ تەنانەت لە زانکۆی سەلاحەدین نەبووە، گرنگیی شوێنەوارناسی چییە کە حکومەتی عێراق بەو ئاستە گرنگی پێ دەدا و ڕێگەی نەدەدا هەموو قوتابییەك لەو کۆلێژە وەربگیردرێت؟**

- شوێنەوار پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی هەر وڵاتێك هەیە، چونکە تەعبیر و گوزارشت لە شارستانیەت و مێژووی رابردووی هەر گەل و نەتەوەیەك دەکات، کە ئەو گەل و نەتەوەیە نەخش و ڕۆڵی لە بنیادنانی شارستانیەت چی بووە. بێگومان لە سەردەمی حکومەتی بەعس و ڕژێمەکانی پێشتریشدا بە شێوەیەك لە شێوەکان مامەڵە لەگەڵ شوێنەوار و ئەو قوتابیانە کراوە کە لە کۆلیژو بەشی شوێنەوار وەردەگیران، کە مەرجی سەرەکییان عەرەببوون بوو، ئەویش عەرەبی بەعسی، ئەمە تەنیا لەسەر ئاستی عێراق نەبووە، بەڵکو ئێمە کە وەك کورد بە سەر چوار وڵاتدا (ئێران، تورکیا، سووریا و عێراق) دابەش کراوین، هەمان مامەڵەی هاوشێوەی عێراق لەگەڵ ناوچە و بەشەکانی دیکەی کوردستان کراوە، بەڵام لە دوای ئەوەی باشووری کوردستان ئازاد بوو و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، دەست کرا بە کنەو پشکنین لەسەر شوێنەوارەکانی سنووری هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی ئەو بەڵگە شوێنەوارییانە و کنەو پشکنین و گەڕان بە دوای شوێنەواردا، هەر وەها بە هۆی ڕووپێوە شوێنەوارییەکان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕاستییەکان دەردەکەون و دەسەڵمێندرێت کە سەرەتا و جەرگەی شارستانیەت لە زاگرۆس واتە لە کوردستان بووە.

**لە سەردەمی حکومەتی بەعس و ڕژێمەکانی پێشتریشدا بە شێوەیەک لە شێوەکان مامەڵە لەگەڵ شوێنەوار و ئەو قوتابیانە کراوە کە لە کۆلیژو بەشی شوێنەوار وەردەگیران، کە مەرجی سەرەکییان عەرەببوون بوو، ئەویش عەرەبی بەعسی**

**بە هۆی رووپێوە شوێنەوارییەکان، رۆژ لە دوای رۆژ راستییەکان دەردەکەون و دەسەڵمێندرێت کە سەرەتا و جەرگەی شارستانیەت لە زاگرۆس واتە لە کوردستان بووە**

**دوژمنانی کورد هەمیشە هەوڵیانداوە مێژوو و شارستانیەت و رۆڵی کورد لە نەخشەی ناوچەکەدا بشارنەوە و بیسڕنەوە، بۆ ئەوەی بڵێن کورد رۆڵی لە بنیادنانی شارستانیەتدا نەبووەو مێژووی نییە**

**تا ئێستا نزیکەی (٨٠٠٠) شوێن و ناوچەی شوێنەواری هەن و گەڕان و پشکنین لە سەریان بەردەوامە، جگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، کە بارودۆخیان بۆ پشکنین گونجاو نییە**

**لە ماوەی ساڵانی رابردوو (٦١) زانکۆ و پەیمانگای پسپۆڕی بواری شوێنەواریی ئەمریکی، بەریتانی، فەرنسی و وڵاتانی ئەوروپا بەگشتی مۆڵەتی کارکردنیان لەسەر شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان پێ دراوە**

ئەگەرچی دوژمنانی کورد هەمیشە هەوڵیانداوە مێژوو و شارستانیەت و رۆڵی کورد لە نەخشەی ناوچەکەدا بشارنەوە و بیسڕنەوە، بۆ ئەوەی بڵێن کورد رۆڵی لە بنیادنانی شارستانیەتدا نەبووەو مێژووی نییە. هەر بۆ نموونە ووتەیەك هەیە لەسەر ئاستی دنیا دەڵێت: «ئەگەر دەتەوێت نەتەوەیەك، یان گەلێك رەش بکەیتەوە و بەسەریدا زاڵ بیت، ئەوا مێژوو و شارستانیەتی بشێوێنە و لێی بزر بکە.» بۆیە هەوڵ و نییەتی داگیرکەرانی کوردستان لە رابردوودا ئەوە بووە کە قوتابیانی کورد لە کۆلیژی شوێنەوار وەرنەگیرێن. بەڵام لە دەستبەکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، گرنگی بە شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی شوێنەوار دراوە، ئەگەرچی لە ئاست و تمووحی ئێمەدا نییە، چونکە ئەو بایەخەی شوێنەوار بۆ گەلی کورد هەیەتی، تا ئێستا حکومەت بەو ئاستە گرنگی پێ نەداوە، هەروەها لە سەردەمی رژێمی بەعس ئەو شوێن و گردانەی کە زۆر دیار بوون و رووپێویان بۆ کرابوو، تەنیا (٣٢٥٠) شوێن بوون، بەڵام لەدوای ئازادی هەرێمی کوردستان و دەستبەکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە ئەنجامی کنەو پشکنینەکانەوە کە لە ساڵی ٢٠١٠وە دەستی پێ کراوە، بەپێی ئەو نەخشەیی لە بەردەستمانە تا ئێستا نزیکەی (٨٠٠٠) شوێن و ناوچەی شوێنەواری هەن و گەڕان و پشکنین لە سەریان بەردەوامە، جگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، کە بارودۆخیان بۆ پشکنین گونجاو نییە.

*** لە دوای راپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە ئازادی و کرانەوە لە کوردستان هاتۆتەئاراوە، ناوەندە ئەکادیمییەکانی شوێنەوارناسیی رۆژئاوا بەگشتی و فەرەنسا بەتایبەتی، بایەخێکی یەکجار زۆر بە تەواوی شوێنەوارەکانی کوردستان دەدەن و چەندین پرۆژەی کنە و پشکنینیان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان هەبووە، ئایا گرنگیی شوێنەوارەکانی کوردستان چین کە لەو ئاستە بەرزەدا رۆژئاوا گرنگی پێ دەدەن؟**

- بێگومان تەنیا ناوەندە ئەکادیمییەکانی شوێنەوارناسیی فەرەنسا نییە، بەڵکو لە ماوەی ساڵانی رابردوو (٦١) زانکۆ و پەیمانگای پسپۆڕی بواری شوێنەواریی ئەمریکی، بەریتانی، فەرنسی و وڵاتانی ئەوروپا بەگشتی مۆڵەتی کارکردنیان لەسەر شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان پێ دراوە. هەرێمی کوردستان لە رووی شوێنەوارییەوە گرنگیی خۆی هەیە، بەتایبەتی کە زۆر کەم کنەو پشکنین و توێژینەوە لەسەر شوێنەوارەکانی کراوە. چونکە، رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق نەیانهێشتووە کنەو پشکنین و رووپێوی بۆ شوێنەوارەکانی کوردستان بکرێت، لەبەر ئەوەی بە پرۆسەی کنەو پشکنین راستییەکان لەسەر شارستانیەت و مێژووی کوردستان بە هەموو دنیا دەگات، کە سەرەتاکانی قۆناغی شارستانیەت لەم ناوچەیەوە دەستی پێکردووە کە ناوچەی میزۆپۆتامیا و زاگرۆسە. هەروەها بارودۆخی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی وا لەبار نەبووە کە بتوانرێت کنەو پشکنین بۆ شوێنەوارەکان ئەنجام بدرێت.

*** ئەو توێژینەوە زانستییانەی لەسەر شوێنەوارەکانی کوردستان دەکرێن، چ بایەخێکی بۆ کوردستان هەیە؟**

- دیارە ئەو هەموو دیکۆمێنت و توێژینەوەیانەی لە ئەنجامی کنە و پشکنین و رووپێوی شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان دەکرێن، دەبنە سەرچاوەیەکی زۆر گەورەی مەعریفی بۆ ئێستاو ئایندەی ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا دەخوێنن و کار دەکەن. گرنگیشی لەوەدایە کە بەڵگە شوێنەوارییەکان واقیع و هەقیقەتەکە دەخاتەڕوو، بۆ نموونە یەکەمین ئاوەڕۆ و گەرماو کە دیاردەی شارستانیی کوردستانە لە (قەڵای لۆگردان و کونارە) دۆزراوەتەوە، کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی ٥٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. کە دەکەونە سنووری چەمچەماڵ و پارێزگای سلێمانی. هەروەها بێستان سوور کە لە سنووری عەربەتە و شوێنێکی دیکەش کە هەر لە باکووری کوردستانی خۆمانە کە ژیانی کۆمۆنە، واتە کە مرۆڤ خێزانی پێکهێناوە و بە کۆمەڵ ژیاوە و لە ئەشکەوت هاتووتە خوارەوە، لەم شوێنانەی هەرێمی کوردستان بووە، مێژووی بێستان سوور بۆ ١٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. لەلایەکی دیکەوە بە بەڵگە شوێنەوارییەکانەوە دەردەکەوێت کە ژیان لە باشوورەوە لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە بۆ لای ئێمە نەهاتووە، کە پێشتر ئاوایان دەگوت، بەڵکو بەپێی ئەو بەڵگە شوێنەوارییانەی بەردەست کەوتوون، لە کوردستان

و لـە باشـووری عێراقیـش شارسـتانیەت هەبـووە، ئەگەرچـی بـۆی هەیـە لـە ئەنجامـی ئـەو کنـەو پشـکنینانەی لـە هەرێمـی کوردسـتان لەسـەر شـوێنەوارەکان دەکرێـن، لـە ئاینـدەدا دەربکەوێـت، ژیـان و شارسـتانیەت لـە هەرێمـی کوردسـتانەوە بـەرەو باشـووری عێـراق و ئـەو ناوچانـە چـووە، کـە هەندێـك بەڵگـەش دەسـت کەوتـوون و ئـەوە دەسـەلمێنن. لـە دوای سـاڵی ٢٠١٠ـەوە ئـەو کارو هەوڵانـەی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ کنـەو پشـکنین لەسـەر شـوێنەوارەکان وای کـردووە لـە دنیـادا بـە چاوێکـی گرنـگ و گـەورە سـەیری هەرێمـی کوردسـتان بکـەن، هـەر بۆیـە ئێسـتا شـوێنەوارەکانی هەرێمـی کوردسـتان لەسـەر نەخشـەی شـوێنەوار و مۆزەخانەکانـی دنیایـە، بۆیـە زۆر پێویسـتە گرنگیی زیاتر و باشتر بە هەیکەلیەتی شوێنەوار بدرێـت، تاوەکـو زیاتـر گەشـە بـکات، نـەك بچـووك بکرێنـەوە. لێـرەدا دوو نموونـە لەسـەر گرنگیـی گەورەتربوونـی هەیکەلیەتـی شـوێنەوار دەخەینـەڕوو، ئێمـە فەرمانگـەی چاودێریـی شـوێنەواری کۆیـە و بنکـەی شـوێنەواری مێرگەسـۆرمان هەیـە، ئەمسـاڵ بەهـۆی ئـەم دوو بەشـەی شـوێنەوارەوە هەشـت پارچـە شـوێنەواری زۆر بـە نـرخ کـە هـەر یەکـەی بـە٤٠٠ هـەزار دۆلار دەخەملێنـدرێت، دەسـتی بەسـەر داگیـرا، کـە دەیانویسـت بـە قاچـاخ ئاودیـوی دەرەوەی سـنووری هەرێمـی بکـەن.

*** دەگـوترێ لـە پرۆسـەی نۆژەنکردنـەوەی پردی دەلال لـە زاخـۆ و هەروەهـا قەیسـەرییەکەی کفـری، گەندەڵییەکـی گـەورە کـراوە، کـە شوێنەوارناسـەکان بـە زوڵمێکـی گەورەیـان لـە قەڵـەم داوە، ئـەوە تـا چەنـد راسـتە؟**

- ناکرێت هەندێك کەس لەسەر ئیجتیهادی خۆی قسـە بـکات، وەك ئـەوەی گوایـە گەندەڵـی لـە کارو پڕۆژەی پردی دەڵال لـە زخـۆ و قەیسـەریی کفـری لـە گەرمیـان کـراوە. لێـرەدا بەپێویسـتی دەزانـم کـە روونکردنەوە لەسەر ئەم دوو شوێنەوارە گرنگە بدەم کە بە هێچ جۆرێك لە پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەیان گەندەڵـی نەکـراوە، بەڵکـو کۆمپانیایەکـی پسـپۆڕ دەرخسـتە و دیزاینێکـی زۆر جـوان و مۆدێرنـی بـە نرخێکـی زۆر هـەرزان بـۆ پـڕۆژەی نۆژەنکردنـەوەی قەیسـەریی کفـری کـردووە، بـەڵام هیـچ کارێـك لـەو پڕۆژەیـەدا نەکـراوە، تاوەکـو گەندەڵـی تێـدا کرابێـت، بـەڵام دەکرێـت بڵێیـن کەمتەرخەمـی کـراوە، ئـەوە راسـتە، چونکـە پڕۆژەکـە دواکـەوت، ئەویـش بـە هـۆی ئـەوەی کـە لـە سـاڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ قەیرانـی دارایـی بەسـەرداهات، ئـەو پڕۆژەیـەش ١٩ ملیـار دینـاری پێویسـتە، هەروەهـا ئـەو قەیسـەرییە کێشـەی موڵکییەتـی هەیـە کـە پێویسـتە چارەسـەر بکرێـت، واتـە هەندێـك دووکانـی ئـەو قەیسـەرییە موڵکـی خەڵکـن، بۆیـە دەبێـت پرۆسـەی تەملیککردنـی بـۆ جێبەجـێ بکرێـت لەلایـەن حکومەتـی هەرێمـەوە. جێـی شـانازییە نۆژەنکردنـەوەی پـردی دەڵال سـەرەڕای کوالیتیـی بـەرزی کارەکـە، بـە کەمتریـن نرخیـش تـەواو بـوو. چونکـە پێشـتر چەندیـن ملیـۆن دۆڵاری بـۆ تەرخان کرابوو، بـەڵام بـە جێبەجێکردنـی راسـتەوخۆی پڕۆژەکـە تەنیـا ٥٩٠ ملیـۆن دینـاری بـۆ خـەرج کـرا. هـەر بۆیـە سـوپاس و پێزانینیـش لەلایـەن وەزارەتـەوە بـەو لیژنەیـە درا کـە سەرپەرشـتیی ئـەو پرۆژەیـەی دەکـرد، لەپـاش ئـەو پڕۆژەیـەش هەوڵمانـداوە لـە کارو پڕۆژەکانـی شـوێنەوار پشـت بـە خۆمان و پسـپۆڕە جیاجیاکانمان ببەسـتین، بەتایبەتی لـە نۆژەنکردنـەوە و بەدواداچـوون و سەرپەرشـتیی کارەکانـی شـوێنەواردا. ئێمـە لـە ئیدارەی شـوێنەواری هەرێمـی کوردسـتاندا چەندیـن کادیـری پێگەیشـتووی شـارەزامان لـە ئاسـتی ماسـتەر و دکتـۆرا پسـپۆڕییە جیاجیـاکان هەیـە، کـە لـە چەندیـن خـول و راهێنـان لـە ناوخـۆ دەرەوەی وڵات بەشـدارییان کـردووە، سـاڵانە چـوار کادیرمـان دەنێرینـە بریتـش مویزیـان کە راهێنانیـان پـێ دەکرێت بۆ مـاوەی دوو مانـگ و تێچـووی ئـەو راهێنانـەش هـەر هەمـووی لەسـەر خۆیانـە، مـن مـاوەی دوو سـاڵە وەك بەڕێوەبـەری گشـتیی شـوێنەوار کار دەکـەم و دڵنیـام بـە هێـچ شـێوەیەك بـواری گەندەڵـی لـە کار و پڕۆژەکانـدا نییـە.

*** قـەڵای هەولێر کـە ئێسـتا لەلایـەن یونسـکۆوە سەرپەرشـتیی نۆژەنکردنـەوەی دەکرێـت و بۆتـە شـوێنەوارێکی جیهانـی، بـەڵام هەتـا ئێسـتا ئاسـتی ریـکلام و بانگەشـە بـۆ ناسـاندنی ئـەم قەڵایـە وەك شـوێنەوارێکی جیهانـی، نـە لەسـەر ئاسـتی میدیـای ناوخۆیـی، نـە لەسـەر ئاسـتی میدیـای جیهانـی کارێکـی وای بـۆ نەکـراوە، ئایـا چـی بکەیـن بـۆ ئـەوەی هەولێـر بـە هـۆی قـەڵاوە بکەینـە شـارێکی گەشـتیاریی شـوێنەواری لەسـەر ئاسـتی جیهـان؟**

- قـەڵای هەولێـر لـە رووی مێـژوو و شارسـتانیەوە زۆر دێرینـە و مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ زیاتـر لـە شـەش هـەزار سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا،و یەکێـك لـە جیاکارییەکانـی قـەڵای هەولێریـش ئەوەیـە کـە

**رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق نەیانهێشتووە کنەو پشکنین و رووپێوی بۆ شوێنەوارەکانی کوردستان بکرێت**

**ئەو هەموو دیکۆمێنت و توێژینەوەیانەی لە ئەنجامی کنە و پشکنین و رووپێوی شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان دەکرێن، دەبنە سەرچاوەیەکی زۆر گەورەی مەعریفی بۆ ئێستاو ئایندەی ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا دەخوێنن و کار دەکەن**

**یەکەمین ئاوەڕۆ و گەرماو کە دیاردەی شارستانیی کوردستانە لە (قەڵای لۆگردان و کونارە) دۆزراوەتەوە، کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی ٥٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە**

**بۆی هەیە لە ئەنجامی ئەو کنەو پشکنینانەی لە هەرێمی کوردستان لەسەر شوێنەوارەکان دەکرێن، لە ئایندەدا دەربکەوێت، ژیان و شارستانیەت لە هەرێمی کوردستانەوە بەرەو باشووری عێراق و ئەو ناوچانە چووە، کە هەندێک بەڵگەش دەست کەوتوون و ئەوە دەسەلمێنن**

بەردەوام ژیانی تێدا بووە، چونکە زۆر قەڵای دیکە هەن، کە بۆی هەیە کۆنتر بن، بەڵام لە کات و زەمەنێکی دیاریکراو ژیانی تێدا بووە و لەپاشان ژیان تێیاندا کۆتایی هاتووە. کۆمیسیۆنی باڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵا بە چاودێریی یونسکۆ کاری باشی کردووە. باوڕ ناکەم قەڵای هەولێر لە رووی میدیاییەوە نەناسراوبێت، چونکە خراوەتە لیستی شوێنەوارەکانی یۆنسکۆوە و لە هەموو دنیا ئەو لیستە بڵاوکراوەتەوە و کاری نۆژەنکردنەوە لە قەڵای هەولێر هەر بەردەوامە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ئایندەدا بەپێی مەرجەکانی یونسکۆ و ئەو پلانەی بۆی دانراوە، بخرێتەڕوو. هەر چەندە قەیرانی دارایی و ئەو بارودۆخەی لە ساڵانی رابردوو هاتۆتە پێش کاریگەری لەسەر دواکەوتنی کارو بەرنامەو پلانەکەی دروست کردووە. هەر چەند ئیدارەدانی قەڵا پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، ئەگەرچی هەر تێبینییەکمان لەسەر کارو پلانی نۆژەنکردنەوەکە هەبێت، بە کۆمیسیۆنەکەی رادەگەیەنین، وەك هاوکاری و هەماهەنگی و ئەوانیش بە هەندی وەردەگرن.

*** شوێنەوارەکانی کوردستان بەشی هەرە زۆریان لەو ناوچانەن کە دەکرێت بکرێن بە پیشەسازیی گەشتیاری، بەڵام هەوڵ نەدراوە بکرێن شوێنی گەشتیاری و وەبەرهێنانی گەورەیان تێدا بکرێت، ئایا ئەمە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە رێگە بە وەبەرهێنەران نادرێت، یان ئێمە لە بایەخی ئەم پرسە گرنگە باش حاڵی نەبووین؟**

- یەکێك لە کێشەکانمان ئەوەیە کە یاسایەکی تایبەت بە شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستانمان نییە، بۆ ئەمەش ئەوانەی ئیدارەی شوێنەواریان داوە و لەم بوارە شارەزان و کاریان کردووە و دەزانن خاڵە لاوازەکانی ئیدارەدانی شوێنەوار لە کوێیە، هەر بۆیە پێویستە ئەو کەسانە پرۆژە یاساکە ئامادە بکەن، ئەگەرچی رەشنووسێکی پرۆژەی رێنماییەکی جوانی شوێنەوارم لە ساڵی رابردوو دارشتووە لە دوای چەندین کۆبوونە و گفتوگۆکردن لەسەری لەگەڵ شارەزا و پسپۆڕان لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەوەی کە پرۆژەیەکی زۆر باش و گونجاوە و لە پاشان لە کابینەی هەشت بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارمان دا، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بەشی یاسایی و راوێژکاری یاسایی راسپارد کە کارو بەدواداچوونی بۆ بکەن، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکمان بەدەست نەگەیشتۆتەوە، ئێستاکەش خەریکین کە پرۆژە یاسایەك بۆ شوێنەوار ئامادە بکەین، بەڵام ئەو پرۆژە یاسایەش بەپێی پێویست نییە، سەبارەت بە وەبەرهێنان لە شوێنەواردا ئەگەر نەتوانین وەبەرهێنان و کەرتی تایبەت بێنینە ناو شوێنەوارەوە، ئەوا حکومەت بە تەنیا هیچی پێ ناکرێت بەتایبەت بۆ ئەوەی شوێنەوار بە گەشتیاری بکەین، لە هەموو دنیاشدا هەر بەو شێوەیە و کەرتی تایبەت وەبەرهێنان لە شوێنەوار دەکات.

*** ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە موزەخانەیەکی هاوچەرخی نیشتمانی لە پایتەختی کوردستاندا بوونی هەبێت؟**

- دەبووایە تا ئێستا ئێمە لە هەرێمی کوردستان سەدان مۆزەخانەمان هەبووایە لە بوارە جیاجیاکاندا، لە رێگای مۆزەخانەکانیشەوە دەمانتوانی زۆر بە ئاسانی هەم لە گەلی خۆمان و هەم لەو خەڵکە بیانییانەی دێنە هەرێمی کوردستان، مێژوو و مەعاناتی خۆمانیان پێ بگەینین، ئەگەرچی لە ساڵانی رابردوو دوو مۆزەخانەی بچووکمان لە سلێمانی و هەولێر هەبووە، بەڵام کارکردن و خزمەتکردنی ئەو مۆزەخانانەوە وای کردووە، ئێستا مۆزەخانەی سلێمانی لەسەر ئاستی عێراقدا دووەم مۆزەخانەیە و یەکەم مۆزەخانەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، مۆزەخانەکەی هەولێریش لە ئاست و پلەیەکی باشدایە و لە دوای ساڵی ١٩٩١ حکومەتی عێراق هەموو بەشەکانی مۆزەخانەی دهۆکی بردبوو، بەڵام ئێمە مۆزەخانەی دهۆکمان دامەزراندەوە و مۆزەخانەیەکیش لە گەرمیان ئێستا هەیە، ئەگەرچی دەبوو لە هەرێمی کوردستان مۆزەخانەیەکی نیشتمانی گەورەمان هەبووایە. لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئیتالی رێککەوتووین کە مۆزەخانەیەکی گەورەو نیشتمانی لە هەولێر دابمەزرێنین و شوێنیشی بۆ دەستنیشان کراوە و دیزاینی سەرەتاییشی تەواو بووە، بەڵام دیسان لەبەر قەیرانی دارایی و شەری تیرۆریستانی داعش ئەو پرۆژە نیشتمانییە جێبەجێ نەکرا. بەڵام ئێستا دووبارە ئەو پرۆژەی مۆزەخانە نیشتمانییە کاری لەسەر دەکرێت و خراوەتەوە پلان و جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار کەسێکی زۆر دڵسۆز و خەمخۆری شوێنەوار و مۆزەخانەیەکی نیشتمانییە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە زۆر ئومێدمان هەیە ئەو مۆزەخانە گەورەو

**لە ئیدارەی شوێنەواری هەرێمی کوردستاندا چەندین کادیری پێگەیشتووی شارەزامان لە ئاستی ماستەر و دکتۆرا پسپۆڕییە جیاجیاکان هەیە، کە لە چەندین خول و راهێنان لە ناوخۆ دەرەوەی وڵات بەشداربیان کردووە**

**ساڵانە چوار کادیرمان دەنێرینە بریتش مویزیان کە راهێنانیان پێ دەکرێت بۆ ماوەی دوو مانگ و تێچووی ئەو راهێنانەش هەر هەمووی لەسەر خۆیانە**

**ئەگەر نەتوانین وەبەرهێنان و کەرتی تایبەت بێنینە ناو شوێنەوارەوە، ئەوا حکومەت بە تەنیا هیچی پێ ناکرێت بەتایبەت بۆ ئەوەی شوێنەوار بە گەشتیاری بکەین، لە هەموو دنیاشدا هەر بەو شێوەیە و کەرتی تایبەت وەبەرهێنان لە شوێنەوار دەکات**

**مۆزەخانەی سلێمانی لەسەر ئاستی عێراقدا دووەم مۆزەخانەیە و یەکەم مۆزەخانەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان**



نیشتمانییە و مۆزەخانەی دیکە و پڕۆژەی شوێنەواری هەنگاوی باشی بۆ بنرێت.

*** ئایا ماستەرپلانێکی شوێنەواری بۆ هەرێمی کوردستان هەیە و تا چەند کاری لەسەر کراوە؟**

- لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەیوەندیدار بودجەیەك بۆ ماستەرپلانێکی شوێنەواری تەرخان کرابوو، ئەگەرچی بەهۆی کۆمەڵێك کێشەوە ئەو ماستەرپلانە دروست نەکرا، بەڵام ئێمە پلانی شوێنەواریمان هەیە کە پلانەکە زۆر تێروتەسەڵە و بۆ ماوەی هەشت ساڵی داهاتووە، ئێستا لە ڕێگای بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران لە پەیوەندین، بۆئەوەی بەپێ ئەو پلانە بتوانین کار بکەین، لەسەر ئاستی کنەو پشکنین بۆ شوێنەوارەکان و دامەزراندنی مۆزەخانەکان و هەم بواری یاساکەی، هەم بواری توانا مرۆییەکان بەرەوپێشەوە ببەین، بەڕێز سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستانیش ڕۆڵێکی دیارو گرنگی لە دانانی پلانە هەشت ساڵییەکەی شوێنەوار هەبوو.

*** ئایا لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر شوێنەوار و موزەخانەکان کراوەتەوە؟**

- لەکاتی خوێندنەوەی کارنامەی کابینەی نۆیەمدا لەلایەن جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە هێڵە گشتییەکاندا ئاماژەی بە شوێنەوار داوە و جەختی لەسەر ئەوە کردووەتە کە دەبێت گرنگیی زۆر و تایبەت بە شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان بدرێت، لە ئەنجامی هەوڵەکانی ئێمەشەوە گەیشتینە ئەوەی کە حکومەتی هەرێم گرنگیی زیاتر و جدیتر بە شوێنەوار بدات و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و بەشێك لە ئەندام پەرلەمانەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە یاسایەك بۆ شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان دەربچێت و، ئێمە لە دانانی پرۆژە یاساکە بەشدار بین. بەوەش دەگەینە ئەو ئاستەی کە لە سایەی یاساکە بتوانین گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونێکی زۆر و بەرچاو لە شوێنەوارەکان بێتەدی. پلان و بەرنامەشمان بۆ ساڵانی داهاتوو داناوە، کاریش لەسەر شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەوەی شوێنەوارەکان بگەیەنینە ئەو ئاستەی کە ببێتە بنەمایەکی داهات بۆ هەرێمی کوردستان.

**لەکاتی خوێندنەوەی کارنامەی کابینەی نۆیەمدا لەلایەن جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە هێڵە گشتییەکاندا ئاماژەی بە شوێنەوار داوە و جەختی لەسەر ئەوە کردووەتە کە دەبێت گرنگیی زۆر و تایبەت بە شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان بدرێت**

# پێش ڕێکخستنەوەی سیستمەکە، پێویستە شەڕی بەرژەوەندییە کەسییەکان بکەین

ئەوەی جێگای دڵخۆشییە (گەرچی هێشتا دەرەنجامەکەشی زۆر دیار نەبێت)، ئەوەیە کە ئەم قۆناغەی حوکمڕانی لە کوردستان، چ لەسەر ئاستی حکوومی و چ لەسەر ئاستی حزبی باسی ڕێکخستنەوە و چاکسازی و گۆڕانکاریی ئیداری و سیستمی بەڕێوەبردن دەکرێت و، ڕۆژانە ئەوانەمان کە پسپۆڕین لە چەند جێگایەکەوە داوای ئەوەمان لێ دەکرێت، پێشنیار بە وەزارەت، یان دەزگایەك، یان ئۆرگانێکی حکوومی بکەین. ڕاستە سیستم سەرچاوەی هەموو شتێکە بە گۆڕینی گۆڕانکاری سەرپایی دەتواندرێت لە جومگەکانی وڵاتدا دروست بکرێت، بەڵام بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو ئاریشانەی لە دوای ڕاپەڕین بەسەر ئەم هەرێمەدا هاتووە، وەك شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی، دەسەڵات و دەستتێوەردانی حزبی، باڵباڵێنە و پەرتەوازەیی حزبی و ئەو جەنگە یەك لە دوای یەکانەی بەرۆکی ئەم هەرێمەی گرت و، بارودۆخی خراپی ئابووری، جگە لەوەی ژینگەیەکی گونجاوی بۆ گەندەڵی دروست کرد و، لە زۆربەی سێکتەرکانی وڵاتدا فەراهەمی کرد، دەسەڵاتی کەسی بواری بۆ ڕەخسا کە لە زۆر جێگادا (لە ناو حزب و لەوێشەوە بۆ دامودەزگا حکوومییەکان) شۆڕ بوویەوە کە ببێتە سەنتەر و ئیدارەی ئابووریی وڵات و بەشیکی زۆری بکەویتە دەست چەند کەسێکەوە، تاوای لێ هاتووە، حزب زۆرتر لە حکوومەتە خۆجێیەکان تەحەکومی پێوە دەکات. کەسانێك هەن ڕەگیان داکوتاوە و خۆیان و دەست و پێوەندەکانیان لە شوێنەکان دەهێڵنەوە، لەمەش زیاتر پەلی هاویشتووە بۆ کوتلەگەری و زاڵبوونی دەست و پێوەند و تەکەتول، کە ڕێگە نادەن کەسی دیکە نزیکیان ببێتەوە، یان جێگۆڕکێ بە یەکێکیان بکرێت، ئاشکراشە مرۆڤ لە هەر شوێنێکدا زۆر مایەوە، بەرژەوەندییە کەسییەکانی



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

خۆی فراوان دەکات و کار بۆ بەرژەوەندی و مانەوەی زۆرتری خۆی دەکات، بۆیە ئەگەر چاوێك بخشێندرێتەوە بە کۆی ئەو دەزگا و دامەزراوە فەرمییانەدا و سەرژمێرییەك بکرێت، کە ئەو کەسانەی ماوەیەکی زۆرە لە پۆستەکەیان ماونەتەوە، کار بۆ لابردن و ئەو بەرژەوەندییە کەسییانەیان بکرێت، کە بە هۆی ئەو پۆستانەوە دەستیان کەوتووە، دەبینین ژمارەیان کەم نییە، هەر ئەوانیش رێگری یەکەمن لە بەردەم هەر گۆڕانکارییەکی ئەرێنی، یان بڕیارێکی چاکسازی و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەرەوە و بەلاڕێدابردنی، لەگەڵ ئەوەشدا نموونەی زۆر و مۆدیلی زۆر لەژێر مانەوەی ئەو کەسانە بۆ ماوەی زۆر دروست بووە، وەك وەکالەت، کە وەکالەت خۆی بۆ ماوەیەکی کاتییە، لە ئێستادا زۆر جێگای حکوومی هەیە، دوای چوار ساڵ کە ماوەی یاسایی بەوەکالەت تەواو دەکات، دواتر فەرمانی بەفەرمی دانانی بۆ دەردەکرێت، یان بە ناوی ماوە بەسەرچوو، یان کاربەڕێکەر ماوەیەکی زیاتر لە دەسەڵاتی خۆی دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا لە رووی زانستی ئیدارەوە لە کاتی ماوەی مانەوە لە پۆستدا بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەو کەسانە توانای داهێنان و نوێگەرییان نابێت و رۆتینیات بەرێ دەکەن، بەتایبەتی ئەمە بۆ دامودەزگا زانستییەکان مەترسیدارترە. جگە لە دەسەڵاتی خزمخزمێنە و برادەرانە کە لەماوەی رابردوودا بەهۆی سەرقاڵیی حکومەت بە جەنگ و بارودۆخی نالەباری ئابووری و سیاسیی وڵاتەوە، ئەم ژینگەیەی خولقاندبوو. بۆیە بە بڕوای من تا بە وردی و بە داتا کار بۆ لابردنی ئەو کەسانە و ئەو بەرژەوەندییە کەسییانە نەکرێت، هەرچی پرۆژەی چاکسازی و گۆڕانکاری هەبێت، ئەمانە دەبنە رێگری گەورە لەبەردەمیدا و بێ سوود دەبێت.



پرۆفیسۆر دکتۆر جەوهەر فەتاح سەعید

سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین بەوەکالەت بۆ گوڵان:

# زانکۆی سەڵاحەدین لە زانکۆکانی چەندین وڵات پێشکەوتووترە و چەندین زانکۆی وڵاتان داوای یارمەتی و هاوکاری لە ئێمە دەکەن

# بەشی راوێژکاری کۆلێژەکانی زانکۆکەمان پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ بازاڕ و ڕێکخراوەکاندا

**زانکۆی سەلاحەدین وەك گەورەترین زانکۆی هەرێمی کوردستان، تەمەنی لە نیو سەدە تێپەڕیوە و لەم زانکۆیەدا پسپۆڕیی جۆراوجۆر دەخوێندرێت، بابەتی ئاست و کواڵیتیی زانست و مەعریفیی زانکۆکە و پرسی ئەوەی تا چ رادەیەك دەرچووانی ئەم زانکۆیە دەتوانن تێکەڵ بە بازاڕی کار ببن، و چەندین پرسی دیکە لەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان-دا لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر جەوهەر فەتاح سەعید سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بەوەکالەت، تاوتوێ کراون.**

*** زانکۆی سەلاحەدین بە دایکی زانکۆکانی کوردستان ناسراوە و هەتا ساڵی ١٩٩١یش هەرتەنیا ئەم زانکۆیە لە کوردستاندا هەبووە، ئایا لە ماوەی ٥٢ ساڵی تەمەنی ئەم زانکۆیە چ مێژوویەکی لەسەر ئاستی مێژووی زانستیی کوردستان دروست کردووە؟**

- زانکۆی سەلاحەدین گەورەترین زانکۆیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و زۆرترین ستاف و ژمارەی قوتابی و بەشی هەیە. هەموو ئەو زانکۆیانەی لە دوای زانکۆی سەلاحەدین لە هەرێمی کوردستان بونیاد نراون، بەشی زۆریان لە ئەنجامی خزمەتی زانکۆی سەلاحەدین پێگەیشتن، واتە هەموو ئەو مامۆستایانەی کە لە زانکۆی سەلاحەدینن، بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ زانکۆکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دروست کردووە و هاوکاریان بوون و یارمەتییان داون، تاوەکو بتوانن پەرە بە زانکۆکانی خۆیان بدەن، هەر بۆیە بە زانکۆی سەلاحەدین دەگوترێت زانکۆی دایك، لەبەر ئەوەی هەموو زانکۆکان لەو دایکەوە پەیدابوون، هەر لە زانکۆی کۆیە، سۆران، دهۆك، سلێمانی و زاخۆ، ئێستاش زانکۆی سەلاحەدین لە هەموو بوارێکدا لە پێش زانکۆکانی هەرێمی کوردستانە و لە رانك یەکەمین زانکۆی هەرێمی کوردستانە کە لە گرووپی (B)یە، هاوکات پێشەنگی زانکۆکانی عێراقە و لە ئاست و پلەیەکی بەرزی زانکۆکانی ئەنتەرناشیۆناڵی جیهانییە و زیاتر لە ١٣٠ پرۆفیسۆر لە بەشەکانی زانکۆی سەلاحەدین هەن، زۆریش بەتواناو لێهاتوون لە پسپۆڕایەتی و تایبەتمەندیی بەشەکانی خۆیاندا، بۆیە کاری باش و تەواو دەکەن بۆ ئەوەی زانکۆکە پێش بخەن.

*** لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٩١، یەکپۆشیی قوتابیان پەیڕەو دەکرا، بەڵام ئێستا ئەم سیستمە نەماوە. تاچەند نەمانی یەکپۆشی سیمای راستەقینەی زانکۆی بزر کردووە؟ ئایا پێویست نییە ئەو یەکپۆشییە بگەڕێتەوە؟**

- یەکپۆشی دیاردەیەکی زۆر جوانە و زۆریش کارمان لەسەر کرد، بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەوە چەند پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، وەك لایەنی پەیوەندیدار، ئەوەندەش پەیوەندی بە قوتابیانەوە هەیە. ئێمە یەکێتی قوتابیانی کوردستانمان لە ناو زانکۆ هەیە، ئەوە کاری یەکێتی قوتابیانیشە و حەز دەکەین ئەوانیش لەگەڵمان لە هەوڵدا بن دابن بۆ جێبەجێکردنی یەکپۆشی قوتابیانی زانکۆکەمان و ئێمە زۆر لەگەڵ ئەوەین یەکپۆشیی قوتابیان جێبەجێ بکرێت، بەڵام ناتوانین بە زۆرەملێ بەسەریاندا فەرزی بکەین.

*** زۆر جار باسی ئەوە دەکرێت کە دەرچووانی زانکۆ و خاوەن بڕوانامەکان ئەو شارەزایی و لێهاتووییان بۆ دروست نابێت کە کارێکی شایستەیان دەست بکەوێت، یان تێکەڵی بازاڕ کار ببن. بۆچی زانکۆکانی کوردستان ناتوانن سەرچاوەی مرۆیی بۆ کار دابین بکەن؟**

**ئێمە زۆر لەگەڵ ئەوەین یەکپۆشیی قوتابیان جێبەجێ بکرێت، بەڵام ناتوانین بە زۆرەملێ بەسەریاندا فەرزی بکەین**

**هەندێک لە پسپۆڕییەکان دەبنە هەڵی کار لە بواری بزنێس و ئابووری و تێکەڵ بە بازاڕی کار دەبن**

**زانکۆی سەلاحەدین پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی زانکۆکانی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەوروبەر و وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکی هەیە**

**توێژینەوەکانی زانکۆی سەڵاحەددین لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی جیهان کە ئیمپاکت فاکتەریان هەیە و بەهێزن، بڵاو دەکرێتەوە**

**بڕوانامەی توانستی ئینگلیزی یەکێک لە مەرجەکانی خوێندنی باڵایە و چەند ساڵێشە ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکرێت، بەوەش ئاست و ڕێژەی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی سەڵاحەددین زۆر بەرزتر بووە**

**کاتێک نوێنەرێکی زانکۆی سەڵاحەددین دەچێتە هەر وڵات و زانکۆیەکی جیهان، ئەوا تەنیا نوێنەرایەتی زانکۆکەی ناکات، بەڵکو نوێنەری وەزارەت و حکومەت و هەموو میللەتەکەیەتی و نوێنەرایەتیی هەموو کوردستان دەکات**

**لە وڵاتی ئێمە بەپێی ئارەزووی قوتابی نییە لە چ بوارێک بخوێنێت، بۆ نموونە کاتێک کۆنمرەی ٦٠ بێت، ناتوانێت بچێتە کۆلێژی ئەندازیاری، یان پزیشکی، لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپاش ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکرێت**

- زانکۆ بەگشتی و زانکۆی سەڵاحەددین بەتایبەتی سەنتەرێکی ئەکادیمیە و هەموو پسپۆڕییەکی جۆراوجۆری تێدایە و هەندێك لە پسپۆڕییەکان دەبنە هەڵی کار لە بواری بزنێس و ئابووری و تێکەڵ بە بازاڕی کار دەبن، لە هەمانکاتدا لە زۆربەی کۆلیژەکانی ناو زانکۆی سەڵاحەددین بەشی راوێژکاریمان هەیە، ئەو راوێژکارییانە پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ بازاڕ و ڕێکخراوەکان هەیە و کاری لەسەر دەکرێت. ئێمە لە زانکۆی سەڵاحەددین ١٤ کۆلیژمان هەیە، هەموو کۆلیژ و بەشەکان لە زانکۆی سەڵاحەددین پەیوەندییان بە بازاڕ هەیە، بەڵام بە ئاست و پلەی جیاواز، بۆ نموونە کۆلیژی کشتوکاڵ هەر هەموو بەشەکانی پەیوەندی راستەوخۆیان بە بازاڕ و کەرتی کشتوکاڵی هەیە، کۆلیژی ئەندازیاری و کۆلیژی زانست هەموو بەشەکانیان پەیوەندییان بە بازاڕ هەیە، بەڵام هەر یەکەو بە ئاست و پلەی جیاواز.

*** خوێندنی بەپارە (پاراڵێل) بۆتە دیاردەیەك لەناو هەموو کۆلێژەکانی زانکۆ حکومییەکانی کوردستان، تاچەند ئەم سیستمە کوالێتیی زانست و مەعریفەی هێناوەتە خوارەوە؟**

- بە بڕوای من سیستەمی پاراڵێل لە زانکۆی سەڵاحەدین ئاست و کوالیتیی زانست و مەعریفەی دانەبەزاندووە، چونکە ئەو کەسەی بە پاراڵێل وەردەگیرێت، بە کێبڕکێ و بە چەند نمرەیەکی کەم لە کۆی گشتی وەردەگیردرێت، ئەویش بەو جۆرەیە کە ١٠٠ قوتابی پێشکەشی کردووە، تەنیا پێنج لەو قوتابیانە بە پاراڵێل وەردەگیرێن، ئەویش نمرەکانیان زۆر لەو قوتابیانە کەمتر نییە کە لە هەمان کۆلیژ، یان بەش وەردەگیردرێن، واتە نمرەکانیان بە پۆینت پێنج و کەمتر لە کۆی گشتی نمرەکانیانە، هەروەها پاراڵێل بە ڕێژەو ژمارەیەکی زۆر کەم وەردەگیرێن، ئەمەش هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ئاستی زانستی قوتابیەکانی پاراڵێل و قوتابیەکانی دیکە دروست ناکات. هەر بۆیە تا رادەیەك لەگەڵ سیستەمی پاراڵێلم، چونکە هەم ئاسانکاری بۆ ئەو قوتابیانە دەکات کە ئارەزووی خوێندنیان لەو کۆلیژ و بەشانە هەیە، بەڵام بە هۆکارێك نەیتوانیوە ئەو نمرەیە بێنێت کە بۆ ئەو کۆلێژ و بەشە پێویستە، بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر بەپێی ڕێنمایی ئاسانکاری بۆ بکرێت.

*** پەیوەندی و هەماهەنگیتان لەگەڵ زانکۆکانی وڵاتانی دیکە لە چ ئاستێکدایە؟**

- زانکۆی سەڵاحەدین پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی زانکۆکانی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەوروبەر و وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکی هەیە، لەهەمووشی گرنگتر زانکۆی سەڵاحەدین ئەندامە لە یەکێتی زانکۆکانی عەرەبی و پێش زانکۆی سەڵاحەدین هیچ کۆلیژ و زانکۆیەکی دیکە لە کوردستان نەبۆتە ئەندامی یەکێتی زانکۆکانی عەرەبی کە ٧٠تا ٨٠ زانکۆ تێیدا بەشدارن و بە یەکترەوە بەستراونەتەوە. لەگەڵ زۆربەی زانکۆکانی وڵاتانی دنیاش پەیوەندیی زانستی و ئەکادیمیمان هەیە و ڕێککەوتنیشمان لەگەڵیان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین سوود لەیەکتر وەربگرین. هەر ئەم پەیوەندی و ڕێککەوتننانە وایکردووە، کاتێك قوتابیەکی ئێمە لە وڵاتێك دەخوێنێت، دوو سەرپەرشتیاری دەبێت، یەکێ لەو وڵاتەی لێی دەخوێنێت، یەکێکیش لەلەلای خۆمان، یان قوتابی هەیە دوو ساڵ لە وڵاتێك دەخوێنێت و ساڵێکیش لە لای خۆمان دەخوێنێت.

*** زانکۆی سەڵاحەدین لە بواری توێژینەوە و کۆنفرانسی زانستی چ کارنامەیەکی هەیە؟**

- رانکی زانکۆی سەڵاحەدین لەناو زانکۆکانی کوردستان یەکەمە و لە گرووپی (B)ـە، ئەوەش لە دەرئەنجامی ئەو توێژینەوە و کۆنفرانسە زانستییانەیە کە زانکۆی سەڵاحەدین دەیبەستێت، ئەمانەش نمرە و خاڵیان لەسەرە، ئەگەر ئەوانە نەبێت، ناتوانێت ئاستی خۆی لە رانکی زانکۆکانی جیهانی و عێراقی و هەرێمی کوردستان پێش بخات. توێژینەوەکانی زانکۆی سەڵاحەدین لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی جیهان کە ئیمپاکت فاکتەریان هەیە و بەهێزن، بڵاو دەکرێتەوە.

*** ئایا تاچەند زمانێکی وەك زمانی ئینگلیزی بۆ هەڵگرانی بەکالۆریس و ماستەر و دکتۆرا گرنگە و لەو بوارەدا بەرنامەتان چییە؟**

- جگە لە کۆلیژەکانی ئەدەبی، لە هەموو کۆلێژ و بەشە زانستییەکانی زانکۆی سەڵاحەدین، وانە و پرۆگرامەکانیان بە زمانی ئینگلیزییە و وەرگرتنی پلەی زانستی لە زانکۆی سەڵاحەدین پەیوەستە بە زمانی ئینگلیزییەوە. تەنانەت ئەگەر مامۆستایەك بڕوانامەی ئینگلیزی وەرنەگرێت، ناتونێت ناونیشانی زانستی و پلەی مامۆستایی وەربگرێت، هەر مامۆستایەکیش لە هەر شوێن و زانکۆیەك بێت، کە بیەوێت بێتە زانکۆی سەڵاحەدین و ببێتە مامۆستا لە کۆلێژە زانستی و ئەدەبییەکانیش، دەبێت بڕوانامەی توانستی ئینگلیزی هەبێت. بڕوانامەی

توانستی ئینگلیزی یەکێك لە مەرجەکانی خوێندنی باڵایە و چەند ساڵیشە ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکرێت، بەوەش ئاست و ڕێژەی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی سەڵاحەدین زۆر بەرزتر بووە.

*** خۆتان دەزانن بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و مەعریفی لە جیهاندا پەیوەندی بە دەوڵەتی گەورە و بچووکەوە نییە، بۆ نموونە دەوڵەت هەیە، زۆر بچووکە، بەڵام چەندین زانکۆی لە لوتکەی ریزبەندیی باشترین زانکۆکانی جیهاندایە، بۆیە دەپرسین: مەرجەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و مەعریفیی زانکۆ چین؟ ئایا ئەم ئەرکە چەندی دەکەوێتە سەرشانی زانکۆکان و چەندی دەکەوێتە سەرشانی حکومەت و بەگشتی چۆن ئاستی زانستیی زانکۆکان بەرز دەبێتەوە؟**

- بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی کۆلیژەکان تەنیا بە لایەنێك ناکرێت، بەڵکو دەبێت هەموو بە یەکەوە هاوکار بن و ئەو پێداویستییانەی کە گرنگە بۆ ئەوەی بتوانرێت زانست لە کۆلیژەکان بەردەوام بێت و زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت و گەشە بکات، دابین بکرێن، لەوانە: دەبێت زانکۆ ستافی تەواو و ئامێرە زانستی و تاقیگەییەکانی هەبێت. پێویستە ژێرخانێکی تەواو و پتەوی هەبێت. دەبێت پێداویستیی ڕۆژانەی زانکۆ دابین کرابێت، ئەمانەش تەنیا بە زانکۆ ناکرێت، بەڵکو دەبێت حکومەت و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هاوکار بێت. هاوکات دەبێت قوتابی و مامۆستاکانیش خۆیان هاوکار بن بۆ سەرخستن و بەرەوپێشەوەچوونی ئاستی زانکۆ، واتە بەرزبوونەوەی ئاستی زانکۆ پەیوەندە بە قوتابی و مامۆستاو وەزراەت و حکومەت و میللەتیش، چونکە کاتێك نوێنەرێکی زانکۆی سەلاحەدین دەچێتە هەر وڵات و زانکۆیەکی جێهان، ئەوا تەنیا نوێنەرایەتی زانکۆکەی ناکات، بەڵکو نوێنەری وەزارەت و حکومەت و هەموو میللەتەکەیەتی و نوێنەرایەتیی هەموو کوردستان دەکات. بۆیە دەبێت هەموومان بەیەکەوە هاوکار بین، تاوەکو ئاستی زانستی و ئەکادیمی زانکۆکەمان لەوەی کە ئێستا هەیە و زۆریش باشە، زیاتر پێشی بخەین. هەر چەندە کوردستان بارودۆخێکی تایبەتی هەیە و کەموکووڕیمان لە زۆر بواردا هەیە، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ نین، بەڵام لەو کاتەی کە دەبینە وڵات و سەربەخۆ دەبین، لە زۆر وڵاتان پێشکەوتووتر دەبین، هەر چەندە ئێستاش زانکۆی سەلاحەدین لە زانکۆکانی چەندین وڵات باشتر و پێشکەوتووترە و چەندین زانکۆی وڵاتان داوای یارمەتی و هاوکاری لە ئێمە دەکەن.

*** ئایا سیستەمی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆی سەلاحەدین چەند شیاو و سەرکەوتووە و تا چەند لێی رازین؟**

- وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆی سەلاحەدین ساڵانە بە سیستەمێکی ناوەندییە کە قوتابی بەپێی توانا و لێهاتوویی و نمرەکەی و ئەو کۆلیژەی دەستنیشانی کردووە، وەردەگیرێت، واتە یەکەم مەرجی وەرگرتنی قوتابی لە زانکۆ بژاری خۆیەتی و شانبەشانی ئەمەش کۆنمرەکەیەتی و لە وڵاتی ئێمە بەپێی ئارەزووی قوتابی نییە لە چ بوارێك بخوێنێت، بۆ نموونە کاتێك کۆنمرەی ٦٠بێت، ناتوانێت بچێتە کۆلێژی ئەندازیاری، یان پزیشکی، لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپاش ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکرێت.

*** ئایا تا چەند وەك خەمخۆرێکی قوتابییان و سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لە بەشە ناوخۆییەکان رازین و تا چەند ئاسانکاریتان بۆ کردوون؟**

- بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سەلاحەدین زۆر ڕێکوپێکن و هەموو خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین کراوە، ئێمە ساڵانە تەنیا لە سووتەمەنی گاز و نەوت و غاز ملیارێك دینار بۆ بەشە ناوخۆییەکان خەرج دەکەین، هاوکات بۆ کرێی ساڵانەی ١٢ تا ١٤ باڵەخانە کە بەشە ناوخۆیی قوتابییانە حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەیەکی زۆر دەدات، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر کێشەیەکیش لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان هەبووبێت، ئەوا تا ئێستاکە تاکە یەك کێشە لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سەلاحەدین نەبووە، چونکە ستافی بەڕێوەبردن و کارگێڕییەکەی زۆر بە باشی و دڵسۆزانە شەو و ڕۆژ خزمەتی بەشە ناوخۆییەکان دەکەن و سەردان و بەدواداچوونی بەردەوام بۆ بەشە ناوخۆییەکان هەیە لەلایەن سەرۆکایەتیی زانکۆ و مامۆستایان و لایەنە پەیوەندیدارەکان و لە بەشەناوخۆییەکان هەر داواکاری و بەدەنگەوەهاتنی ئێمەیان پێویست بێت، دەمودەست بە دەمیانەوە دەچین و هاوکاری و یارمەتییان دەدەین، ئەوەش بەڵگەیە کە ئێستا کێشەیان نییە، قوتابیانیش هەر داواکاری و کێشەیەکیان هەبێت، دێنە سەر شەقام و داواکارییەکانیان بە ئازادی دەردەبڕن.

**بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سەلاحەدین زۆر ڕێکوپێکن و هەموو خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین کراوە**

**ساڵانە تەنیا لە سووتەمەنی گاز و نەوت و غاز ملیارێك دینار بۆ بەشە ناوخۆییەکان خەرج دەکەین**

**بەشەناوخۆییەکان هەر داواکاری و بەدەنگەوەهاتنی ئێمەیان پێویست بێت، دەمودەست بە دەمیانەوە دەچین و هاوکاری و یارمەتییان دەدەین**

**قوتابیان هەر داواکاری و کێشەیەکیان هەبێت، دێنە سەر شەقام و داواکارییەکانیان بە ئازادی دەردەبڕن**